گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پەیوەندییەکانی دەولەتی سەفەوی و فەرەنسا لەسەردەمی شا حوسێنی سەفەوی لەژێر رۆشنایی پەیماننامەکانی نێوانیان 1722 - 1694

**پ.ی.د. مستەفا محەمەد کەریم**
بەشی مێژوو ، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
mustafa.karem@su.edu.krd

**م. هاوکار کریم حمەشریف**
بەشی مێژوو ، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
hawkar.hamasharif@su.edu.krd

**زانیاریەکانیتوێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٤/١٢/١٧
پەسەندکردن:٢٠٢٥/١/٣٠
بڵاو کردنەوە:پایز٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**
*Relations, Treaty, France, Safavid state, Shah Hussian, Liouis 14.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.3.19

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە (پەیوەندییەکانی ئێران و فەرەنسا لەسەردەمی شا حوسێنی سەفەوی لەژێر رۆشنایی پەیماننامەکانی نێوانیان 1694 – 1722) هەوڵێکە بۆ ئاشنا بوون بە بارودۆخی پەیوەندییەکانی هەردوو ولات لە سەردەمی شا حوسێن ، کە گرنگی و بایەخی تایبەتی هەیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو وێستگە گرنگانەی کە لە پەیوەندییەکانی نیوانیان هەبووە لە بوارەکانی سیاسی، بازرگانی و ئاینی، لەژێر رۆشنایی پەیماننامەکانی( 1708 ، 1715).
شا حوسێن هەوڵیداوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ فەرنسا زیاتر لە رووی سیاسی و سەربازی رەنگ بداتەوە، بەمەبەستی راکێشانی ئەو ولاتە لەپێناو بەستنی هاوپەیمانی سیاسی دژ بە عومان، سەرباری ئەو ئامانجەش شای سەفەوی هەوڵیداوە لەرێگای پێدانی جیاوگ بەو ولاتە سوود وەربگرێت لەگەشانەوەی سیاسی و ئابووری دەوڵەتی سەفەوی کە لەسەردەمی شا حوسێن بەتەواوەتی پایەکانی لە لێواری دارمان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بوون ، بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانە سەرەڕای ئەو ئاسانکاریانە بۆ فەرەنسا لەلایەن دەوڵەتی سەفەوی، کەچی بەشێوەیەکی گشتی لەماوەی بیست و هەشت ساڵەی فەرمانڕەوایی شا حوسێن ، هیچ کات ئەم پەیوەندییانە نەگەیشتوونەتە ئاستی هاوپەیمانی کردەیی راستەقینە، بەڵکو بێجگە لە ئاڵوگۆڕی شاند و نامەکان و بەستنی دوو پەیمانامەی (بازرگانی- مەزهەبی) هیچی دیکەی لێ بەدینەهاتووە.

## پێشەکی:

سەردەمی فەرمانڕەوایی شا حوسێنی سەفەوی بەلاوازترین سەردەمی مێژووی دەولەتی سەفەوی دادەنرێت، بەهۆی ئەو کاریگەرییە قووڵ و دیارەی لەماوەی حوکمرانی ناوبراودا لە مێژووی سەفەویدا بەجێیهێشتووە، بەشێوەیەك دەرکەوتنی کەسایەتییەکی لاوازی وەك شا حوسێن لەسەر شانۆی سیاسی وڵاتی پان و بەرینی ئێران ، وایکردووە سەردەمی زێرینی دەولەتی سەفەوی لە سەردەمی شا عەباسی یەکەم(1587 - 1629) کە بریتی بوو لە گەشانەوە لە پەیوەندییەکانی دەوڵەتی سەفەوی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا، بەلام لەدوای ناوبراو تا سەردەمی شا حوسێن، بەهۆی لاوازی شایەکان و بالادەستبوونی دەرباریان، دەولەتی سەفەوی پەیتا پەیتا هەنگاوی بنێت بەرەو لاوازی و دارمان لە لەناوخۆی وولات و پەیوەندییە دەرەکییەکانی. پەیوەندییەکانی دەولەتی سەفەوی لەگەل فەرەنسا لەسەردەمی شا حوسێن لەڕووی سیاسییەوە هەرچەندە دڵخۆشکەر نەبوو، بەڵام تواندرا دەرگای پەیوەندی دۆستایەتی و هاوکاری ئێران لەگەڵ ئەم وڵاتە دابڕێژێت، شا حوسێن هەوڵیداوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ فەرنسا زیاتر لە رووی سیاسی و سەربازی رەنگ بداتەوە، بەمەبەستی راکێشانی ئەو وڵاتە لەپێناو بەستنی هاوپەیمانی سیاسی دژ بە عومان، سەرباری ئەو ئامانجەش شای سەفەوی هەوڵیداوە لەرێگای پێدانی جیاوگ بەو وڵاتە سوود وەربگرێت لەگەشانەوەی سیاسی و ئابووری دەوڵەتی سەفەوی کە لەسەردەمی شا حوسێن بەتەواوەتی پایەکانی لە لێواری دارمان بوون ، بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانە سەرەڕای ئەو ئاسانکاریانە بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فەرەنسا لەلایەن دەوڵەتی سەفەوی، کەچی بەشێوەیەکی گشتی لەماوەی بیست و هەشت ساڵەی فەرمانڕەوایی شا حوسێن ، هیچ کات ئەم پەیوەندییانە نەگەیشتوونەتە ئاستی هاوپەیمانی کردەیی راستەقینە، بەڵکو بێجگە لە ئاڵوگۆری شاند و نامەکان و بەستنی دوو پەیماننامەی (بازرگانی-مەزهەبی) هیچی دیکەی لێ بەدینەهاتووە.

ئامانج لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا هەولدانێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە ئایا چ هۆکارێک کاریگەر بووە لەسەر پێداگری دەولەتی سەفەوی لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ فەرەنسا لەسەردەمی شا حوسێن ؟ هەروەها لەبەرچی پەیماننامەکانی نێوان هەردوو ولات نەچوونە بواری جێبەجێ کردن؟.

گریمانەی لێکۆڵینەوەکە جەخت لەسەر چەند گۆڕاوێك دەکاتەوە، لەوانە : هەولە دبلۆماسییەکانی دەولەتی سەفەوی وجولە دەریاییەکانی عومان و نارەزایەتییەکانی دەولەتی عوسمانی و بوونی ململانێی زلهێزەکانی ئەوروپا لەناوچەکە و لاوازی شا حوسێنی سەفەوی لەبەڕێوەبردنی ولات ونەمانی سەروەری بەسەر کەنداودا.

پێکهاتەی توێژینەوە: لەچوارچێوەی چوارتەوەردا زانیاری مێژوویی دەربارەی پەیوەندییەکانی ئێران و فەرەنسا لەسەردەمی شا حوسێنی سەفەوی لەژێر رۆشنایی پەیماننامەکانی نێوانیان 1694 – 1722 خراوەتە ڕوو ، سەبارەت بە تەوەری یەکەم تیشکخراوەتە سەر پەیوەندییە بەراییەکانی دەوڵەتی سەفەوی و فەرەنسا لەدەستپێکی دەسەڵاتی شا حوسێن، هەرچی تەوەری دووەمە جەخت کراوەتەوە لەسەررۆڵی میشێل ڤیکتۆر لەدەرباری دەوڵەتی سەفەوی و بەستنی پەیماننامەی 1708 ، پاشان لەتەوەری سێیەم ڕۆشنایی خراوەتە سەر شاندی دەوڵەتی سەفەوی لە پاریس و بەستنی پەیماننامەی 1715، لەتەوەری چوارەم و کۆتایی توێژینەوە تیشکخراوەتە سەر چارەنووسی پەیماننامەی 1715 لەنێوان دەوڵەتی سەفەوی و فەرەنسا.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە سوود لە چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر وەربگیرێت، بەڵام بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر بخەینە ڕوو بەپێی ڕیز بەندی سەرچاوەکان زیاتر سوود لە دووکتێبی عەبدولحوسین نەوایی بە ناوونیشانەکانی (اسناد و مکاتبات سیاسی ایران 1105 – 1135 ق) و ( ایران وجهان)وەرگیراوە، کە زۆر بابەتیانە شرۆڤەی بەلگەنامەکان و نامە فەرمییەکانی کردووە، بێگومان

زیاتریش سوود لەو کۆمەڵە بەڵگەنامانە وەرگیراوە کە پەیوەندیان هەبووە بە پەیوەندییەکانی شا حوسێن لەگەڵ فەرەنسا وپانتاییەکی فراوانی لە توێژینەوەکە گرتووە.

هەرچی کتێبەکەی (عبدالرضا هوشنگ مهدوی)یە ، بەناوونیشانی(تاریخ روابط خارجی ایران از ابتدای دوران صفویه تا پایان جنگ دوم جهانی 1500-1945)، لەلێکۆڵینەوەکەدا بایەخی زۆری پێدراوە، بەتایبەت دوو بەشی سەرەتایی کتێبەکە، بەهۆی دیاریکردنی پەیوەندییەکانی دەوڵەتی سەفەوی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا کەبەشێوەیەکی بابەتیانە شرۆڤەی کردووە.

سەبارەت بەوەرگێردراوە فارسییەکانیش ،کتێبەکەی (لارنس لکهارت)،بە ناوونیشانی(انقراض سلسلە صفویە)بەکارهاتووە،کە تێیدا باس لە بارودۆخی سیاسی دەوڵەتی سەفەوی لەو سەردەمەدا دەکات، لەگەڵ دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی روخانی ئەم دەولەتە، لەنێویشیدا پەیوەندییەکانی شا حوسێن لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا. گرنگی کتێبەکە لەوەدایە کە نووسەر شارەزایی تەواوی لە زمانی فارسی و عەرەبی و بیانی هەبووە، بۆیە لە کتێبەکەیدا بایەخی زۆری بەسەرچاوە ڕەسەنەکانی فارسی و عەرەبی داوە، لەگەڵ ئەو سەرچاوە بیانیانەی نووسینەکەی پێ دەوڵەمەند کردووە.

هەروەها کتێبەکەی(هربرت موریس) بەناوونیشانی (محمد رضا بیگ سفیر ایران در دربار لویی چهاردهم)،لەسەرچاوە گرنگەکان هەژمار دەکرێت،سەبارەت بەدیاریکردنی پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی ئێران و فەرەنسا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی شا حوسێن، جگە لەمەش گرنگی زۆری داوە بە نێردە تایبەتییەکەی شا حوسێنی سەفەوی بەناوی محەمەد ڕەزا بیگ بۆ فەرەنسا کە تێیدا بە وردیی تیشك دەخاتە سەر گەشتەکەی ناوبراو، بەتایبەت مەراسیمەکانی پێشوازی و هۆکار و مەبەستەکانی شاندەکەو دەرئەنجامەکانی لەپەیماننامەی 1715.

## 1. پەیوەندییە بەراییەکانی دەوڵەتی سەفەوی و فەرەنسا لەدەستپێکی دەسەڵاتی شا حوسێن

هاوکات لەگەڵ دەستپێکی دەسەڵاتی شا حوسێن، فەرەنسا لە لوتکەی شکۆمەندی و دەسەڵاتی خۆیدا بوو، بەتایبەت ئەنجامدانی پەیمانی (ئاشتی ڕایسفایك[1]) لە ئایاری ساڵی 1697 سەرکەوتنێکی درەوشاوەی بەخشی بەحکومەتی فەرەنسا بۆ ئەوەی جارێکی تر بپرژێتە سەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاروبـاری نـاوچەیی و نێودەوڵەتی(مـاله و ایـزاك، ج3 ، 1383 : 253). سـەبارەت بە ئاسـیا دوای ڕادەستکردنی (ناوچەی بوندشیر) لە ڕۆژهەڵاتی هیندستان لەلایەن هۆڵەندا بە فەرەنسا، سەرنجی حکـومەتی فەرەنسا بە ئاسیا و گرنگی فراوانکردنـی کـاریگەریی سیاسـی و بازرگـانی لەم بەشـەی جیهاندا زیادی کرد(نوایی، 1383 : 266 ؛ قاسم، 1985 : 175).

لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٧دا چالاکییە بازرگانییەکانی (کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی فەرەنسـی[2]) تا ڕادەیەک فراوانتر بوون کە لە زەریای هیندیدا کێبڕکێیان لەگەڵ هۆڵەندا و ئینگلیزەکاندا کـرد، بـە ڵام لە بواری پە یوە ندییە سیاسی-دیپلۆماسییە کاندا، پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و فەرە نسا تا دەیەی یەکەم لە حوکمرانی شا حوسێن بە جۆرێک لە دابەزیندا بـووە، بەڵام لە دوای مردنـی فرانسـوا پـیکە، نـوێنەری لویسـی چـواردەهەم(1643-1715)[3]) لـە ئێـران لـە سـاڵی 1685ی زاینی،قەشـەیەکی کاسۆلیکی بە نـاوی پیـدۆ دی سـانت ئـالۆن، کە لەلایەن پاپـا وەك میسـیۆنێر دەستنیشـان کرابـوو بـۆ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی مەزهەبی لە ڕووسیا و ئێران ، لەهەمان کاتدا لەلایەن حکومەتی فەرەنساوە وەك نوێنەری سیاسی ئەم وڵاتە کاری کونسوڵگەری ئەم وڵاتەی لە ئێران ئەنجامدا، بەڵام هیچی پـێش نەخست(برازش، 1392 : 1068).

لەگەڵ دەسـت بەکـاربوونی شـا حوسـێن وەك شـای دەوڵەتـی سـەفەوی، پاپـا ئینۆسـنت دوازدەهەم(1615 - 1700)(Innocentius XII) و لویسـی چـواردەهەم، هەریەکە لە قەیسـەر پـاولۆ، قەشـەی شـاری ئەنـقەرە و دوای ئەویـش فیلـیکس مـاری دی سـلان بـۆ قـوڵکردنەوەی پەیوەنـدییەکانی نێـوان دەوڵەتـی سـەفەوی و فەرەنسـا، ڕەوانەی ئێـران[4] کـران. بەڵام بە هـۆی شەڕەکانی فەرەنسا لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپایی و بەتایبەت هۆڵەندا، دیسانەوە سەرنجی ئەم وڵاتە بـۆ دەوڵەتی سەفەوی کەم بووەتەوە(همان : 1068 - 1069).

لەگەڵ زیادبوونی هێرشەکانی عومان بۆ سەر دوورگە و بەندەرەکانی ئێران لە کەنارەکـانی کەنـداو[5] لەسـەرەتاکانی دەسـەڵاتی شـا حوسـێن، حکـومەتی سـەفەوی لەدژی عومانییەکـان لەهاوکـاری (کۆمپانییەکـانی هینـدی ڕۆژهەڵاتی هۆڵەنـدی[6] و ئینگلیـزی[7]) نائومێـد بـوو، بـۆیە هەوڵەکـانی چـڕ کردەوە لە بری ئەم دوو لایەنە داوای یـارمەتی لە فەرەنسییەکان بکـات(نوایی، اسـناد و مکاتبـات... ، 1363 : 29).

دیاره لەکۆتاییەکانی سەدەی هەڤدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەم بەسەردەمی زێڕینی عومان هەژمار دەکرێت، چونکە لەوماوەیەدا عومانیەکان لەملمانێی بەردەوام دابوون لەگەڵ پورتوگالیەکان، کەتوانیان زۆر ناوچە لە هیند و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا لەژێر چەنگیان دەربهێنن، یەکێك لەگرنگترین هۆکار کەیارمەتیدەری عومانیەکان بوو بۆ گەشەکردنی دەسەڵاتی سیاسیان لەناوچەکە بریتی بوو لەو کەشتیگەلە دەریاییە بەهێزەی کەعومانیەکان پشتیان پێ دەبەست،هەروەها ڕۆڵی ئیمام سەیف کوڕی سوڵتانی یەکەم(1692 – 1711ز) لەوماوەیەدا کەتوانی عومانیەکان لەیەك بەرەدا کۆبکاتەوە (نافع الحمدانی،2001 : 34 - 35).

لەلایەکی دیکەوە لەڕووی سیاسەتی دەرەوەشدا عومانییەکان جگە لە کەنداو هەژموونی خۆیان لەسەر زۆرێك لەبەندەرو دورگەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا وەك ممباسە و دورگەی سەوز و کلوە بسەپێنن بەشێوەیەك عومانیەکان هەژمونیان بەتەواوی لەسەر کەناراوەکانی کەنداو و کەناراوەکانی دۆلی سند لە ڕۆژهەڵات و کەناراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا لەڕۆژئاواو درێژ دەبۆوە ، لەهەمان کاتدا لەڕووی ئابووریەوە مەسقەت ببوە سەنتەری سەرەکی دابەشکردنی بازرگانی لەکەنداو ،هەروەها وەك بەندرێکی سەرەکیش لە ئۆقیانوسی هیندی(Selection from the Records..., 1856: 5 ؛ المعولی، 1979 : 122).

عومانیەکان لەوماوەیەدا بەهێزترین هێزی دەریایی بوون لە ئاوەکانی ڕۆژهەڵات، ئەوەی زیاتر یارمەتیدەریان بوو، توانیان جۆرێکی نوێ لەکەشتی دروست بکەن لەسەر شێوازی ئەوروپی پێشکەوتوو،لەهەمان کاتدا وازهێنان و دورکەوتنەوەیان لەکەشتیە تەقلیدیە کۆنەکان، بۆ ئەم مەبەستە کاپتن چارلز لوکیر(Charles lokyer) لەئایاری 1706ز سەردانی مەسقەت دەکات، زۆر بەڕاشکاوانە باس لەهێزی دەریایی عومان دەکات و دەڵێت: "کەشتیەکانیان لە سورات دروستکرا بوون،کە 14 کەشتی جەنگی و 20 کەشتی بازرگانی لەوێ هەبوون ،لەنێو ئەم کەشتیانە بەشێوەیەگی گشتی هیچ کامیان بەدی ناکرێت کە کەمتر لە20 تۆپی ئاگرینی هەڵگرتبێت" (نافع الحمدانی،2001 : 34 - 35)، هەر لەم ڕووەوە ئەلکسەندەر هاملتون گەریدەی ئینگلیزی لەسالی 1715ز کەسەردانی مەسقەتی کردووە زۆر بەڕوونی باس لەپێکهاتەی کەشتیگەلی عومانی لەوکاتەدا دەکات و دەڵێت " یەك کەشتی خاوەن ( 74) تۆپی ئاگرین و دوو دانەیان خاوەن 60 تۆپی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاگرین و دانەیەکیان خاوەنی( 50) تۆپی ئاگرین بوون،هەروەها ( 18) کەشتی دیکە کەلەڕووی قەبارەوە بچووکتر بوون هەر دانەیەکیان (12 -32 ) تۆپی ئاگرینی هەڵگرتبوو،لەگەڵ ئەوانەش هەندێك کەشتی لەجۆری (ترانکی)[8] وکەشتی سەوڵدار کەهەریەکەیان توانای هەڵگرتنی (4-8)تۆپی ئاگرینیان هەبوو"(محمد العابد، 1976 : 41).

سەبارەت بەهێزە دەریایەکەی عومان ، زۆربەی کات مەترسی بوونە لەسەر کەناراوەکانی دەوڵەتی سەفەوی،بەشێوەیەك هەرکاتێك هێرشیان کردبێتە سەر کەناراوەکانی ئەم وڵاتە،هیچ بەربەستێك و بەرەنگاربوونەوەیەکی پێویست لەلایەن سەفەوییەکان بەئەنجام نەگەیاندراوە، هەر لەکۆتاییەکانی سەدەی حەڤدە سەفەوییەکان بەیارمەتی پورتوگالیەکان بەرەنگاری عومانیەکان بوونەوە، بەڵام خۆیان نەگرت بەرامبەر بەعومانیەکان، ئەمەش وایکرد هەریەکە لەئینگلیزەکان و هۆڵەندیەکان خۆیان بەدوور بگرن لەئەنجامدانی هەرکارێکی هاوشێوەی پورتوگالیەکان دژ بە عومان (طه التكريتي، 1982 : 52 – 54 ؛ محمد امين، 1966 : 15)

بێهیوا بوونی کاربەدەستانی سەفەوی لە هاوکارییەکانی کۆمپانیای هیندی رۆژهەلاتی هۆلەندی وئینگلیز، وایکرد وەزیری ئەعزەم[9] محەممەد مومین خان شاملوو (1699 - 1707)لەئابی 1699 نامەیەکی بەناوی شا حوسێن داوە بە قەشەیەکی فەرەنسی بەناوی مارتن گۆدرۆ( Martin Gaudereau)، بۆ ئەوەی بینێرێت بۆ فەرەنسا. لە نامەکەدا کە شا حوسێن شای بۆ لویسی چواردەهەم ناردوویەتی، خواستی خۆی دەربڕیبوو بۆ ناردنی باڵیۆزێک بۆ فەرەنسا بەمەبەستی قووڵکردنەوەی پەیوەندییەکان و ڕاوێژ سەبارەت بە دامەزراندنی هاوپەیمانی نێوان سەفەوییەکان و فەرەنسا لە دژی عومانییەکان و داگیرکردنی بەندەری مەسقەت(نوایی، روابگ سیاسی ایران.....، 1392 : 1069).

شیاوی باسکردنە جگە لە نامەکەی شای سەفەوی ، محەممەد مومین خان شاملوو وەزیری ئەعزەم لە نامەیەکی تایبەتی خۆیدا جگە لە خواستی لایەنی ئێرانی بۆ فراوانکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکان لەگەڵ فەرەنسا، داوا لە لویسی چواردەهەم کراوە کە هاوپەیمانی دەوڵەتی سەفەوی بکات لە هێرشی سەر مەسقەت، روونکردنەوەی داوە سەبارەت بە رەوت و پەرەسەندنەکانی هێرشکردنە سەر مەسقەت، کە پێویستی بە چەندین کەشتی جەنگی هەیە، لە حالەتی سەرکەوتن، تێچوون و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستکەوتەکانی شەڕەکە بە یەکسانی لە نێوان هەردوولادا دابەش بکرێت. جگە لەمانەش کامە قەڵا لە دوای داگیرکردنی مەسقەت سەر بە فەرەنسا دەبێت و کامیان دەدرێتە هێزەکانی ئێران، هەروەها لەم نامەیەدا مەرجی ئەوە دانرابوو کە دوو قەلای جەلالی و میرانی کە لە نزیک کەناراوەکان بوون دەدرا بە فەرەنسییەکان و قەڵا ناوخۆییەکانی دیکە دەدرا بە ئێرانییەکان. ئەمەش باشترین دەرفەت بوو بۆ ئەوەی فەرەنسییەکان پێگەیەکی پتەو لە ناوچەی کەنداو بەدەست بهێنن، لە ڕاستیدا ئەو پێشنیازەی حکوومەتی ئێران وەک گرێبەستێکی گەورە بوو کە لە هەموو ئەو شتانە گەورەتر بوو کە تا ئەو کاتە بە ئینگلیز و هۆڵەندییەکان درابوون،بەڵام ئەم پێشنیازە هیچ کاردانەوەیەکی فەرەنسییەکانی بەدوای خۆیدا نەهێنا(عقیل، 1391 : 223 - 224).

دەکرێت بلێین بێ دەنگی فەرەنسا لەبەرامبەر هەوڵەکانی حکومەتی سەفەوی بۆ فراوانکردنی پەیوەندییە سیاسی و بازرگانییەکان لەگەڵ فەرەنسا ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم دوو نامەیە هەرگیز نەگەیشتبن بە شوێنی مەبەست، یاخود هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ تێوەگلانی فەرەنسا لە شەڕەکانی ئەوروپا، کە ئەو کات حکومەتی فەرەنسا هەموو هەوڵەکانی خۆی لەسەر کیشوەری ئەوروپا چڕکردبۆوە، بە جۆرێك شەڕی لەگەڵ هەموو حکومەتە کۆلۆنیالییە دەریاییەکان لە ئەوروپا ئەنجام دەدا.

سەرکەوتنەکانی فەرەنسا لە دەیەی کۆتایی سەدەی ١٧ لە شەڕی لەگەڵ زلهێزەکانی ئەوروپادا ،بەڵام ئەو سەرکەوتنانە دەسکەوتێکی ئەوتۆیان نەبووە بۆ فەرەنسا جگە لە کەمێک لە ئەوروپا و چەند ناوچەیەك لەجیهان، لەم ڕووەوە بازرگانی و کەشتیوانی فەرەنسا پێشکەوتنێکی کەمی بەدەستهێنا لەبەردەم ڕکابەرە ئەوروپییەکانی وەک هۆڵەندا و ئینگلتەرا لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی جیهان وەک ئەمریکای باکوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (عقیل، 1391 : 223 ).

سەرەرای نەبوونی هیچ هەوالێك لەو نامەیەی کە لەلایەن دەوڵەتی سەفەوی لە ساڵی 1699ی زایینیدا ڕەوانەی فەرەنسای کرابوو،بەڵام شا حوسێن پێداگربوو لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەل فەرەنسا، بۆیە جارێکی دیکە لە ئازاری 1703 نامەیەکی دیکە بۆ لویسی چواردەهەم دەنووسێت، تێیدا گلەیی لە ناوبراو دەکات بەبۆنەی وەرگرتنی تەختی شایەتی، پاشای فەرەنسا شاندی نەناردووە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەمەبەستی پیرۆزبایی لێکردنی، هەروەها داواش لە لویسی چواردەهەم دەکات بالوێزیکی فەرمی وڵاتەکەی دەستنیشان بکات و بینێرێت بۆ ئێران (جعفریان، 1378 : 414 ؛ احمدی، 1371 : 203) ، لەکۆتایی نامەکەشدا شای سەفەوی هەولدەدات لەرێگای پێدانی جیاوگ و لێخۆشبوونی باج لەسەربازرگانانی فەرنسا لەئێران سەرنجی فەرەنسییەکان رابکێشیت بۆ بەستنی هاوپەیمانی لەگەل دەوڵەتی سەفەوی لە دژی عومانییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش رایدەگەیەنیت کە ئەو جیاوگانەی کە لە دوای بەستنی هاوپەیمانی بە فەرەنسییەکان دەدرێت زۆر زیاتر دەبێت لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپا(هربرت، 1362 : 7 ؛ مهدوی، 1381 : 135).

سالێك دواتر شای سەفەوی لەساڵی 1704 دەستیبیکرد بەدەستنیشان کردنی میرزا ئەحمەد خان بیگلەربەگی ئەستەرئاباد وەك نێردەی تایبەتی شا بۆ دەرباری لویسی چواردەهەم(لاکهارت، 1383 : 382) ، بەڵام نوێنەرانی کۆمپانیای هیندی رۆژهەلاتی ئینگلیز و هۆڵەندییەکان لەئێران کە لەلایەن سیخوڕەکانیانەوە لەم بارەیەوە ئاگادارکرابوونەوە، بەخیرایی بۆ رێگا گرتن لەم هەنگاوەی شای سەفەوی دەستیان بە جموجۆل کرد، لەوانە لەرێگای پێدانی بەرتیل بە میرزا ئەحمەد خاندا توانیان لە ئەرکەکەی دووری بخەنەوە، جگە لەوەش بەو کاریگەرییەی کە لە دەرباری سەفەویدا هەیانبوو، دەنگۆی وایان بڵاوکردەوە کەوا ناردنی نێردە لەلایەن شاوە بۆ پاریس لە دۆخێکی وادا بەکەم سەیرکردنی پێگەی شای سەفەویە ، چونکە لویسی چواردەهەم باڵیۆزی نەناردوە بۆ ئەوەی پیرۆزبایی لە شا سوڵتان حوسێن بکات بە بۆنەی هاتنە سەرتەخت(نوایی، ج1، ایران و.... ، 1364 : 399 - 400).

کاتێک نامەکانی شا سوڵتان حوسێن گەیشتە لویسی چواردەهەم، دواجار بڕیاریدا شاندێك بۆ دەرباری سەفەوی بنێرێت بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە سیاسی و ئابووری و ئایینیەکانی فەرەنسا لە دەوڵەتی سەفەوی(هاو، 1957 : 362) ، حکومەتی فەرەنسا بۆ ئەم مەبەستە بازرگانێکی بە ناوی ژان باپتیست فابێر (Jean Babtiste Faber) لەبەرچاو گرت وەك سەرپەرشتیاری سەرەکی شاندی فەرەنسا(جمعی از اساتید کمبریج، 1380 : 213).

شاندی فەرنسا بە سەرۆکایەتی ژان باپتیست کە لە پەنجا کەس پێکهاتبوون، دوای ئامادەکارییەکان لە 2ی ئازاری 1705 بە کەشتییەکی فەرەنسی بە ناوی تۆلۆز لە بەندەری تولۆنەوە فەرەنسای

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەجێهێشت و لە 8ی نیسانی هەمان ساڵ لە ڕێگەی بەندەری ئیسکەندەرونەوە گەیشتنە ناو خاکی عوسمانی(گرس، 1370 : 62 - 64)، دیارە هاتنی شاندی فەرەنسی بۆ نێو خاکی عوسمانی لەوێشەوە بۆ قەلمرەوی دەوڵەتی سەفەوی کارێکی ئاسان نەبوو، بەتایبەت دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان دەوڵەتی سەفەوی و فەرەنسا، عوسمانییەکانی نیگەران کرد، ، چونکە عوسمانییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر نیگەران بوو لە هاوپەیمانی دەوڵەتی سەفەوی و ولاتانی ئەوروپا لەدژی، جگە لەوەش نەیدەویست دەرگای بازرگانانی ئەوروپی بەڕووی ئێراندا بکاتەوە ، بۆیە هەمیشە دژی ئەو شاندانە بوو کە بەنیازی ئەوە بوون لە ڕێگەی خاکی عوسمانییەوە گەشت بکەن بۆ ئێران(برازش، 1392 : 1072).

عوسمانییەکان بۆ دروستکردنی بەربەست لەبەردەم شاندی فەرەنسا، بەدوای بیانوویەك دەگەرا تا ئەو شاندە نەتوانێت مەرامە سیاسی و بازرگانییەکانی فەرنسا لە دەوڵەتی سەفەوی جێبەجێ بکات ، بۆیە کاتێک شاندی فەرەنسی لە حەلەب خەریک بوو بەرەو ئێران بەڕێبکەون، بەڵام کردەوە ناشایستەکانی ماری پێتی ؟ - 1673 (Marie Petit) دەستگیرانەکەی ژان باپتیست، خەڵکی ئەم شارەی تووڕە کرد، دەرئەنجام عوسمانییەکان لەرێگای ئەو بیانووەوە ژان باپتیستیان دەستگیرکرد، پاشان ڕەوانەی ئەستانە کرا. لە کۆتاییدا ژان باپتیست بە هاوکاری مورتەزا قولی خان ئۆستاجلۆ باڵیۆزی ئێران لە ئەستانە توانرا ئازاد بکرێت(احمدی، 1371 : 204)

لەم رووداوەدا چارلزدی فیریول 1692 - 1711(charles de Ferriol) بالوێزی فەرەنسا لە ئەستانە بێدەنگی هەلبژارد و هیچ هەنگاوێکی بەمەبەستی ئازاد کردنی ژان باپتیست نەهاوێشت، سەرەرای بوونی ئاشناییەکی زۆر لەگەل ژان باپتیست، لەگەل ئەوانەشدا لەو باوەرە دابووە کە هەلبژادنەکەی حکومەتی فەرەنسا هەلە بووە لەدەستنیشانکردنی ناوبراو، چونکە توانای ئەو کارە سیاسییەی نییە ، بەڵام لەلایەن حکومەتی فەرەنسا بۆچوونەکانی بەهەند وەرنەگیرا، بۆیە لەکاتی هاتنی شاندەکە بۆ نێو قەلمرەوی دەوڵەتی عوسمانی گرنگی پێنەدان، بەلکو هەولی زۆری دا کێشەیان بۆ دروست بکات(مهدوی، 1381 : 135).

لەلایەکی دیکەوە ئینگلتەرا و هۆڵەندا کە بەردەوام لە شەڕدا بوون لەگەڵ فەرەنسادا لەسەر پرسە سیاسی-ئابوورییەکان، بۆیە هەردەم خوازیاربوون پێش بگرن لە پێکهێنانی هەر پەیوەندییەکی نزیک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بوونەوەی (سیاسی و بازرگانی) لە نێوان دەولەتی سەفەوی و فەرەنسا، لەهەمان کاتدا ڕێگری بکەن لە فەرەنسا کە بازاڕی بازرگانی قازانج بەخشی ئێران بقۆزێتەوە بۆ خۆی(نوایی،روابگ سیاسی و اقتصادی....، 1383 : 268)، لەم رووەوە ژان باپتیست لە نامەیەکدا کە لە بەرواری 6ی تەمموزی 1705 بۆ فەرەنسا رەوانەی کردووە و بە ڕوونی باسی ئەم خاڵە دەکات و دەنووسێت: "..... بۆم دەرکەوت کە ئینگلیزەکان و هۆڵەندییەکان لە دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویدا هەزار جۆر بەربەست و کێشەیان سەبارەت بە سەفەرەکەم لەدەوڵەتی عوسمانی بۆ دەوڵەتی سەفەوی دروست کردووە"(صدر، 1322 : 92 – 93 ).

شاندی فەرەنسی لە کانوونی دووەم 1706 گەیشتنە قەلمرەویی دەوڵەتی سەفەوی، نێردەی فەرەنسا و شاندی یاوەری لە یەریڤان مانەوە لەلایەن محەممەد خان بیگەلەربەگی چغوری سەعد[10] تا مۆڵەتی گەشتکردنیان بۆ نێو قەلمرەوی دەوڵەتی سەفەوی لەلایەن دەرباری سەفەوییەوە وەربگیرێت، بەڵام ژان باپتیست لە 16ی ئابی 1706 لە شاری یەریڤان بەبێ ئەوەی بتوانێت ئەرکەکەی جێبەجێ بکات کۆچی دوایی کرد، لەوبارەیەوە (لاکهارت) هۆکاری مردنی ژان باپتیست دەخاتە ئەستۆی محەمەد خان، کە پێیوایە بەهۆی دڵبەندبوونی بە ماری پێتیەوە لەرێگای ژەهرەوە کۆتایی بەژیانی ژان باپتیست هێناوە، لەبەرامبەردا میژوونوسی ئێرانی ( نوایی) ئەو گۆتانەی لاکهارت بەدوور دەزانێ و هۆکاری مردنەکەی بۆ سەرمابوونی ناوبراو دەگەرینیتەوە(لاکهارت، 1383 : 386 ؛ نوایی، اسناد و مکاتبات... ، 1363 : 30 - 31). رەنگە بۆچوونەکەی لاکهارت لەراستییەوە نزیك بێت، کە دواتر باسی لێوە دەکەین.

پاش ئەم رووداوە شاندی فەرەنسی لەلایەن ماری پێتیەوە سەرپەرشتی کرا لەژێر پارێزگاری محەممەد خان، بەڵام کاتێک هەواڵی مردنی ژان باپتیست گەیشتە ئەستانە، باڵیۆزی فەرەنسا لە دەوڵەتی عوسمانی، فەرمانی بە ڤیکتۆر میشێل(Victor Michel) راوێژکاری بالویزخانەکە کرد بچێتە ئێران و بەرپرسیارێتی شاندەکە لە ئەستۆ بگرێت(شوستر والسر، 1364 : 93 - 94)، ناوبراویش لە 20ی ئەیلوولی 1706 پێش گەیشتنی رەزامەندییە فەرمییەکەی( اوراق اعتماد) لە پاریسەوە گەشتەکەی بۆ ئێران دەستپێکرد(مهدوی، 1381 : 135).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2. رۆڵی میشێل ڤیکتۆر لەدەرباری دەوڵەتی سەفەوی و بەستنی پەیماننامەی 1708

ڤیکتۆر میشێل دوای سەفەرکردنی چەند مانگێک و تێپەڕاندنی چەندین سەختی، گەیشتە دەرباری سەفەوی، ناوبراو هەوڵیدا خۆی وەک نێردەی فەرمی فەرەنسا لە دەوڵەتی سەفەوی نیشان بدات، بەڵام نەبوونی ڕەزامەندی نووسراوی فەرمی کە لەپێشوودا باسمان کردووە وایکرد لەلایەن کاربەدەستانی سەفەوی وەك نوێنەری راستەقینەی حکومەتی فەرەنسا پێشوازی لێ نەکرێت، تەنانەت نەیتوانی دانوستان لەگەڵ بەرپرسانی پلە یەکەکانی حکومەتی سەفەویدا بکات، بۆیە بەناچاری گەڕایەوە یەریڤان(برازش، 1392 : 1073).

دوابەدوای گەرانەوەی ڤیکتۆر میشێل بۆ یەریڤان ، بەهاندانی ماری پێتی لەلایەن محەمەد خان دەستگیر دەکرێت، ، چونکە ناوبراو ئامادە نەبووە سەرکردایەتی شاندەکە رادەستی میشێل بکات، ئەو هەنگاوەی محەمەد خانیش دەگەرایەوە بۆ گرنگیدانی رادەبەدەری ناوبراو بە ماری پێتیەوە کە خۆی سەرپەرشتی شاندەکەی کرد لە یەریڤانەوە بەرەو ئەسفەهان و دواجاریش وەك خانمە شازادەیەکی فەرەنسی لەدەرباری سەفەوی ناساندی(شیبانی، 1384 : 55). بێگومان ئەمەش دەرخەری ئەو راستییە کە لاکهارت سەبارەت بە مردنی ژان باپتیست ئاماژەی پیدابوو.

ماری پێتی نەیتوانی لەدەرباری سەفەوی باوەر بە دەسەلاتداران بهێنێت کە نوێنەری فەرمی حکومەتی فەرەنسایە، چونکە لەلایەك هیچ نووسراوێکی فەرمی نەبوو کە پشت راستی ئەوە بکاتەوە کە ناوبراو لەلایەن فەرنساوە بۆ ئەم کارە دەستنیشان کرابێت، لەلایەکی دیکەوە شاندی یاوەری قبولی ناوبراویان نەبوو، بۆیە بەناچاری رووەدکاتە شاری تەورێز و لەوێ نیشتەجی دەبێت، (ڤیکتۆر میشێل)یش ماوەیەک بەر لەگەرانەوەی ماری پیتی بۆ تەورێز لەلایەن محەمەد ئازاد دەکرێت و رووەدکاتە شاری تەورێز ، لەو ماوەیەدا ناوبراو توانی لەرێگای هەرەشە یاخود فریودان لەرێگای پێدانی پارەیەکی زۆر باوەر بە ماری پێتی بهێنیت بۆ ئەوەی بگەرێتەوە فەرەنسا ،چونکە ناوبراو بەربەستێکی گەورە بوو لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەیدا (نوایی، ج1، ایران و.... ، 1364 : 401 - 402) هاوکات دوای گەرانەوەی ماری پێتی بۆ فەرەنسا لە ئازاری 1708، رەزامەندە فەرمییەکەی (ڤیکتۆر میشێل)یش گەیشتە یەریڤان و لەلایەن محەمەد خان مۆڵەتی فەرمی لە دەرباری سەفەوی بۆ ناوبراو وەرگیرا وەك نێردەی فەرمی فەرنسا و لە 18ی ئایاری 1708 ناوبراو گەیشتە ئەسفەهان و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوای سێ هەفتە لە میوانداری لەلایەن دەرباری سەفەوییەوە لە 7ی حوزەیرانی 1708 بە فەرمی و بۆ یەکەمجار چاوی بە شا سوڵتان حوسێن کەوت(شوستر والسر، 1364 : 94)، لەم دیدارەدا میشێل ڕەزامەندییە فەرمییەکەی خۆی و دیارییەکانی لویسی چواردەهەمی پێشکەش بەشای سەفەوی کرد کە بریتی بوون لە تابلۆی شەڕە مێژووییەکان و چەند تابلۆیەکی لویسی چواردەهەم بە جلی شاهانە و پەیکەری برۆنزی ڤینۆس و ئەفسانەی یۆنانی، هەندێك لەسەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دیارییەکان دوو تۆپی ئاگرین بووە، بەڵام لەلایەن عوسمانییەکانەوە دزراون، جگەلەمەش چەندین دیاری تر هەبووەکە لەلایەن ژان باپتیست و خۆشەویستەکەی ماری پێتی بەفیڕۆدراون(برازش، 1392 : 1074).

دیداری دووەمی میشێل لەگەڵ شا سوڵتان حوسێن لە 29ی تەممووزی 1708، ئەنجام درا، تێیدا ناوبراو بەڕوونی ڕایگەیاند لەسەر ڕاسپاردەی پاشای فەرەنسا هاتووە بۆجێبەجێکردنی ئامانجە سیاسی و ئابووری و ئایینیەکانی فەرەنسا لە دەوڵەتی سەفەوی، هەروەها ڕێگاکانی گەیشتنی نێردەی تایبەتی شای ئێران بۆ فەرەنسا چ لەکەنداو یاخود خاکی دەوڵەتی عوسمانی خستەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیاری کردووە بۆ شای ئێران هەر نێردەیەکی ئێران کە خوازیارە سەردانی فەرەنسا بکات دەبێت تەواو شاراوە بێت و واباشترە شاندەکە ژمارەیان زۆر کەم بێت، چونکە هەریەکە لە دەوڵەتی عوسمانی و کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەلاتی هولەندی و ئینگلیزی بەردەوام بەربەستیان دروستکردووە لە پێکهێنانی هەر پەیوەندییەکی نزیک بوونەوەی (سیاسی و بازرگانی) لە نێوان ئێران و فەرەنسا(لاكهارت، 1383 : 391).

دوای ئەم دیدارە لەلایەن شای ئێرانەوە ڕەزامەندی درا بە دەستپێکردنی دانووستانەکان،بەڵام بۆ ماوەی دوو مانگ دانوستانەکان لەگەڵ وەزیری ئەعزەم شا قولیخان زەنگنە( 1707 - 1716) پچڕا، بۆ ئەم مەبەستە نێردەی فەرەنسا لە دەوڵەتی سەفەوی لە نامەیەکدا کە بۆ پاریسی ڕەوانە کردووە، هۆکاری ئەو پچرانە دەگەڕێنیتەوە بۆ دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی نوێنەرانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەلاتی هۆلەندی و ئینگلیزی لە تێکدان و بەرەوپیش نەچوونی دانوستانەکان(تاج بخش، 1340 : 222).

پـاش وەسـتانی دانوسـتانەکان بـۆ مـاوەی دوو مانـگ، جـارێکی دیـکە بە فشـاری شـای سـەفەوی دانوستانەکان بەردەوامی پێدرایەوە، بۆ ئەم مەبەستە لایەنی ئێرانی داوای خەرجکردنی لەسەدا دەی باجی گومرگی و لەسەدا سێی باجی ڕێگاوبان بۆ کاڵا هـاوردە و هەناردەکراوەکـانی فەرەنسـایان کـرد؛ بەڵام ڤیکتۆر میشێل ڕایگەیاند کە حکومەتی فەرەنسا دەیەوێت بازرگانانی فەرەنسی لە ئێران لە باج ببخشرێن و هیچ تەرخانکردنێـک نەدرێـت بە هـیچ جـۆرە بـاجێکی گـومرگی لەسـەر هەنـاردەکردن و هاوردەکردنی کاڵاکان لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە(برازش، 1392 : 1074).

لەکۆتایی دانوستانەکان، نێـردەی فەرنسا تـوانی خەرجکردنـی بـاجی گـومرگی بـۆ لەسـەدا سـێ کەم بکاتەوە، هەر بەمەش نەوەستا بەلکو بازرگانە فەرەنسـییەکانی لە پێـدانی ئەم بـاجە بـۆ مـاوەی پێـنج سـاڵ ببەخشـێت. هەروەهـا سـەرکەوتووش بـوو لەوەی بەبـێ ئەوەی بە فەرمـی بچێـتە ژێـر بـاری داواکارییەکانی حکومەتی سەفەوی بۆ یارمەتیدانی کەشتییە فەرەنسییەکان بۆ دەوڵەتی سەفەوی لە سەرکوتکردنی هێزەکانی ئیمامی عومان لە بەندەری مەسقەت، توانی پەیماننامەکە لە 16ی ئەیلوولی 1708 لەگەل دەوڵەتی سەفەوی جێبەجێ بکات(لاکهارت، 1383 : 392).

لەوبـارەیەوە مێژوونوسـی ئێرانـی عەبدولحوسـێن نەوایـی دەنووسـیت : "ڤیکتۆرمیشـێل سیاسەتمەدارێکی لیهاتوو بوو، تـوانی بە بەڵێنـی بـریقەدار بەرپرسـانی دەوڵەتـی سـەفەوی لە خشـتە بـدات ..... کەرایگەیانـد بـوو لەکـاتی گەرانەوەی بـۆ فەرەنسـا هەوڵەکـانی چـر دەکـاتەوە بـۆ ئەوەی کاربەدەسـتانی حکـومەت ڕازی بکـات بەنـاردنی کەشـتی جەنگـی دەریـایی بـۆ کەنـداو بەمەبەسـتی بەستنی هاوپەیمانی سـەربازی دژ بە هێزەکـانی عومـان .... کاربەدەسـتانی دەوڵەتـی سـەفەوی بە بـێ ئەوەی بەلیننـامەیەکی فەرمـی لە نێـردەکەی فەرەنسـا وەربگـرن تاکلایەنە ڕەزامەنـدییان دا لەسـەر واژووکردنی ئەم پەیماننامەیە لە بەرژەوەندی فەرەنسا"(نوایی، اسناد و مکاتبات... ، 1363 : 48).

ئەم پەیماننـامەیە کە حکـومەتی سـەفەوی بە سـی و یەک بـڕگە پەسـەندی کـرد، مـادەی بازرگـانی، دادوەری، سیاسی، گومرگی بوو، پانزە بـڕگەی یەکەمـی ئەم پەیماننـامەیە پەیوەنـدی بە هەلـومەرجی بازرگـانی فەرەنسـییەکانەوە هەیە لە ئێـران و بـڕی ئەو کاڵـ و زێـڕ و زیـوانەی کە ئەم بازرگـانـانە دەیانتوانی هاوردە یان هەناردەی ئێران بکەن، لە برگەی شانزەهەمەوە تا مـادەی سـی و یەکەمـی ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیماننامەیە باس لە شوێنی نیشتەجێبوون و بارودۆخ ومافی یاسایی هاووڵاتیانی فەرەنسی لە ئێران دەکات[11].

دوای شەش رۆژ لەبەستنی ئەم پەیماننامەیە، نێردەی فەرەنسا توانی دوو جیاوگی دیکە لەشای سەفەوی وەربگریت کەتایبەت بوون بە ئاینزای کاسۆلیك ، یەکەمیان فەرمانێك بوو لەلایەن شای سەفەوی بۆ والی گورجستان و بیگەلەربەگی هەریەکە لە ئازەربیجان شەروان کە پارێزگاری لە مسیۆنەرە کاسۆلیکیەکان بکەن لە ناوچەکانی ژیر دەسەلاتیان و تووشی هیچ ئازار و بەربەستێك نەکرێنەوە ؛ لە فەرمانی دووەمدا شای ئێران میسیۆنەرە کاسۆلیکییەکانی لەپێدانی هەندێک باج بەخشی. دیارە نەرمی نواندنی دەوڵەتی سەفەوی بۆ فەرنساییەکان ئەوە بوو کە بتوانێت بە پەسەندکردنی ئەم پەیماننامەیە، لە بەرنگاربوونەوەی هێزەکانی عومان سوود لە هاوکارییە سەربازییەکانی حکومەتی فەرەنسا وەربگرێت. (جعفریان، 1378 : 414 ؛ احمدی، 1371 : 206)

نێردەی فەرەنسا دوای تەواوکردنی ئەرکەکەی لە تشرینی یەکەمی 1708 لەشاری ئەسفەهان بەرێکەوت بە دوو نامەی فەرمی هەریەکە لەشا سوڵتان حوسێن و وەزیری ئەعزەم بۆ لویسی چواردەهەم بەرێکەوت و لە 3ی ئابی 1709 گەیشتەوە پاریس (بیانی،ج2، 1357 : 133).

## 3. شاندی دەوڵەتی سەفەوی لە پاریس و بەستنی پەیماننامەی 1715

دوای گەرانەوەی (ڤیکتۆر میشێل) بۆ پاریس و تاوتوێکردنی بابەتەکە سەبارەت بە پەیماننامەی 1807، لویسی چواردەهەم لەسەر داوای میشێل نامەیەکی بۆ شا سوڵتان حوسێن نووسی و ڕەزامەندی خۆی بە ئەنجامدانی ئەم پەیماننامەیە لە نێوان ئێران وفەرەنسا نیشاندا، هەروەها لە نامەکەدا باسی لەوە کردبوو کە جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە لەلایەن حکومەتی فەرەنساوە لەو کاتەوە جێبەجێ دەکرێت کە فەرەنسا لەجەنگەکانی لە ئەوروپا یەکلایی بێتەوە(مهدوی، 1381 : 136).

نامەکەی پاشای فەرەنسا وایکرد لەلایەك حکومەتی سەفەوی بی هیوا بێت لە فەرەنساییەکان و لەلایەکی دیکەوە ئەم جۆرە رەفتارە بکەوێتە بەردەم گلەیی زۆری هاووڵاتی و بازرگانانی فەرەنسی کە لە ئێران دەژیان، دواجار دوای زیاتر لە سێ ساڵ بەسەر بەستنی، پەیماننامەکە لە ١٨ی تشرینی

دووەمی ١٧١١ بە فەرمی لەلایەن پاشای فەرەنسا پەسەند کرا و کەوتە بـواری جێبەجێکردنەوە(صدر، 1322 : 97 – 98 ).

شیاوی باسکردنە جێبەجێکردنـی ئەم پەیماننـامەیە بە کـردەوە ڕووبەڕووی چەنـدین کێشـە بـووەوە؛ چونکە تێڕوانینی هەردوو ولات بـۆ پەیماننـامەکە وەک یەک نەبـوو، حکـومەتی فەرەنسا لە بەسـتنی پەیماننامەکەدا تەنها بیری لە مەرامی بازرگانی و ئاییینی خۆی دەکردەوە، لە کاتێکدا حکـومەتی ئێـران دەیویست بە پێدانی ئەو جیاوگانە پێـی حکـومەتی فەرەنسـا بەڕووی کەنـداو بکـاتەوە و بە هاوکـاری ئەوانـیش پـێگەی خـۆی لەنـاوچەکە باشـتر بکـات ، چـونکە بەهـۆی کـارە دوژمنکـارانەکەی عومـانەوە کـاریگەری چەسـپاندنی پـێگەی دەوڵەتــی سـەفەوی لەنــاوچەکە لەرزۆك کردبــوو(برازش، 1392 : 1080).

لەلایەکی دیـکەوە حکـومەتی فەرەنسـا و کەسـایەتی لویسـی چـواردەهەم کە خۆیـان بە پـارێزەری کاسۆلیکەکان لە جیهاندا دەزانـی، یەکێـک لە ئامـانجە سـەرەکییەکانی خۆیـان لەم پەیماننـامەیەدا بـۆ بڵاوکردنەوە و چەسـپاندنی ئـایینزای کاسـۆلیکی لە ئێرانـدا بـووە، بە تـایبەت لە نێـو ئەرمەنەکـان، لەبەرامبەردا دەوڵەتی سـەفەوی لەڕوانـگەی سیاسـی-بازرگـانییەوە لەم پەیماننـامەیەدا خوازیـار بـوو بازرگانی نێـوان دوو وڵات بـۆ مەبەسـتی سیاسـی و سـەربازی فراوانتـر بکـات، کەچـی ئەم روانـگەی دەوڵەتی سەفەوی لە چاوی حکومەتی فەرەنسـادا ئەولەویەتێکـی کەمتـری پێـدرابوو(نوایی، اسناد و مكاتبات... ، 1363 : 33).

سەبارەت بە فەرەنسا رەهەندە ئاینییەکان لە دەرئەنجامە راسەوخۆکانی پەیماننامەی ساڵی ١٧٠٨ بوو ،لەبەرامبەردا رەهەندە سیاسی و بازرگانییەکان پلەی خوارتریان وەرگرتـووە، لەم رووەوە لەڕەهەنـدی ئاییینیـدا، میسـیۆنەرە کاسـۆلیکییەکان بە کەڵـک وەرگـرتن لەم پەیماننـامەیە ، جیـاوگێکی زۆریـان بەدەسـتهێنابوو، بـۆیە دەسـتیان کـرد بە کـاری جـددی بـۆ بەرەوپێشـبردنی ئـاینزای کاسـۆلیکی لە قەلمرەوی دەوڵەتی سەفەوی، بە تایبەت لە نێو (ئەرمەنەکان [(12)])، بەشێوەیەك چالاکیی کاسـۆلیکەکان کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەرمەنەکان دروست کـرد کە دەرئەنجـامەکەی بەدژایەتـی کردنـی سـەرکردە ئاینییەکانی ئەرمەن بەرامبەر بە میسیۆنەرە کاسۆلیکەکانی لێکەوتەوە (صدر، 1322 : 100).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ململانێی نێوان میسیۆنەرە کاسۆلیکەکان و ئەرمەنەکان لەماوەی سالانی 1708 تا 1710 ، وایکرد ئەو ئەرمەنانەی کە لە دەربـاری سـەفەویدا خـاوەن هەژمـوون وکـاریگەریی بـوون، بـاوەر بە شـای سەفەوی بهێنن بەهەڵوەشاندنەوەی مادەی بیست و شەشەمی پەیماننامەی ساڵی ١٧٠٨ ، کەتێیدا رێگا درابـوو بە میسیۆنەرە کاسۆلیکەکانی فەرەنسا ئاینزایەکەیـان لە نێـو مەسـیحییەکانی ئێرانـدا بلاوبـکەنەوە، هەر بەمەش نەوەسـتان بەلکـو لەرێگـای فەرمـانێکی شـاهانەوە توانیـان رێگـری بـکەن لە میسیۆنێر کاسۆلیکییەکان لەبردنـی منداڵانی ئەرمەن بـۆ کڵێسا و قوتابخـانە تایبەتییەکـانی ئـاینزای کاسۆلیکی(نوایی، ج1، ایران و.... ، 1364 : 403).

مادەی بیست و شەش لە پەیماننامەی 1807، جگە لەو ململانێیەی لەنێوان ئەرمەنەکان و میسۆنەرە کاسۆلیکەکانی ناو قەلمرەویـی دەوڵەتـی سـەفەوی دروسـت کـرد، لەهەمـان کاتـدا کـاریگەری نەرێنـی دیکەی هەبوو بۆ دەوڵەتی سـەفەوی؛ چـونکە لەم پەیماننـامەیەدا، فەرەنسـا بە ئاشـکرا ئەو جیـاوگەی پێدرا کە خۆی بە پارێزەری مەسیحییەکانی ئێـران بزانێـت و بەم شـێوەیە دەسـتوەردان لە کاروبـاری ناوخۆی ئێران بکات[13].

حکومەتی سەفەوی لەبەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە پێداگر بوو لە هەڵوەشاندنەوەی ئەم مادەیە، بەڵام لەبەرامـبەر ئەو هەلویسـتەی حکـومەتی سـەفەوی میسـیۆنەرە کاسـۆلیکەکانی دانیشـتووی ئێـران نارەزایەتییەکانیان گەیاندە دەرباری لویسی چواردەهەم، لەم نێوەنـدەدا حکـومەتی فەرەنسـا لەسـالی 1712 جێگری ئەسقوف بەغدا بەناوی (پیـر گارسـیا دی گالیسـون) بەنـامەیەکی نـارەزایەتی رەوانەی ئەسفەهان کرد، ناوبراو پاش دیدار لەگەڵ شا سوڵتان حوسێن سەرکەوتوو بوو لە ڕازیکردنـی نـاوبراو بەهەڵوەشاندنەوەی بڕیاری پێشووی و جێبەجێکردنی مادەی بیست و شەشەمی پەیماننـامەکە، بەڵام لەگەڵ مردنـی گالیسـون لەئەیلـولی هەمـان سـاڵ و بە کـاریگەری ئەرمەنەکـان لە دەربـار جـارێکی تـر جێبەجێکردنی مادەی بیست و شەش فەرامۆش کرا(شوستر والسر، 1364 : 95).

لەلایەکی دیکەوە دوای میشیل ، فەرەنسا سـەرکەوتوو نەبـوو لە دیـاریکردنی کەسـایەتێکی سیاسـی بەهێز وەك کونسولی ئەو وڵاتە لە دەوڵەتـی سـەفەوی، هەرچەنـدە لەلایەن پاشـای فەرەنسـا کەسـێك بەناوی (پیـدۆ دی سـانت ئـالۆن) وەك نـوێنەری سیاسـی فەرەنسـا کـاری کونسـولگەری ئەم وڵاتەی لە ئێران ئەنجام دەدا، ئەویش وەك قەشەیەکی دەمارگیر کاری کردووە، زیاتر لەهەولی چەسپاندنی برگە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاینییەکانی پەیماننامەکە بووە، بابەتە سیاسی و بازرگانییەکانی پشتگوێ خستووە، کە ئەمەش پێچەوانەی ویست و خواستەکانی دەوڵەتی سەفەوی بوون، کە خوازیاربوون لە ڕێگای ئەو پەیماننامەیەوە فەرەنساییەکان وەك هاوپەیمانی سەربازی بهێننە پال خۆیان لە دژی دەست درێژییەکانی هێزەکانی عومان لە کەنداو(برازش، 1392 : 1082).

هەروەك لەسەرەوە باس لە هۆکارە ئاینییەکان کرا، بەڵام خالیکی دیکە کە بەربەست بوو لەبەردەم جێبەجێ کردنی پەیماننامەی ساڵی 1708 لەلایەن حکومەتی فەرەنساوە تایبەت بوو بە بواری بازرگانی، هەرچەندە زۆربەی برگەکانی پەیماننامەکە لەبواری بازرگانی لەبەرژەوەندی فەرەنسا بوو، بەڵام چەند هۆکارێك ڕێگر بوون لەوەی فەرنسا بتوانیت بەپێی پێویست سوود لەو پەیماننامەیە ببینێت، لەوانە لاوازی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەلاتی فەرەنسی لەبەرامبەر کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەلاتی هۆلەندی و ئینگلیزی، هەروەها خالێکی دیکە بریتی بوو لەوەی کە نرخی تێچووی کالای فەرەنسی بۆ فرۆشتن لە بازارەکانی ئێران زیاتر بوو لەکالای هۆلەندی و ئینگلیزی، ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی فەرەنسیەکان لەبازرگانی لەئیراندا تووشی شکست بێن، جگە لەمانەش خالێکی دیکە بۆ ئەم شکستە زیاتر پەیوەست بووە بە کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەلاتی فەرەنسی، کە ڕیگای نەداوە هیچ ڕکابەرێك یاخود کۆمپانیاییەکی دیکەی بازرگانی فەرەنسی ڕوو لە ئێران بکات(اشتیانی، 1328 : 98 ؛ صدر، 1322 : 104)

سەرەرای بێباکی فەرەنسا لە جێبەجی کردنی پەیماننامەی ساڵی 1708 ، کەچی شا سوڵتان حوسێن و دەربارانی سەفەوی لە هەولی چەسپاندنی ئەو پەیوەندییە بوون لەگەل فەرەنسا، بۆ ئەم مەبەستە جارێکی دیکە لەساڵی 1711ی زایینی، شای سەفەوی هەوڵەکانی چر کردەوە بۆ ناردنی شاندێک بۆ فەرەنسا، بەڵام هەولەکان جارێکی دیکە بێهودە مایەوە، چونکە ئینگلیز و هۆڵەندییەکان کە هەمیشە نیگەران بوون لە قووڵبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و فەرەنسا، بۆیە لە دروستکردنی بەربەستەکان بەردەوام بوون و توانیان هەولەکان بەم ئاراستەیە بە نەزۆکی بهێڵنەوە، بەڵام دروستکردنی بەربەست لەلایەن نوێنەرانی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەلاتی هولەندی و ئینگلیزی تا سەر بەردەوام نەبوو، چونکە وەزیری ئەعزەم شا قولی خان زەنگنە توانی لەرێگای بازرگانێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فەرەنسی بەناوی (بیلۆن دی کانسڤێل) کە چەند ساڵێک لە ئێران ژیاوە ،داواکارییەکانی دەوڵەتی سەفەوی لەرێگای ناوبراو بگوازرێتەوە بۆ دەسەلاتدارانی فەرنسا(برازش، 1392 : 1082 - 1083).
دوابەدوای دیدارەکەی بیلۆن دی کانسڤێل لەگەڵ وەزیری ئەعزەم ، بریاردرا دیدار لەگەل شای سەفەوی ئەنجام بدرێت بەمەبەستی خستنەرووی داواکارییەکان، لە میانی دیدارەکەشدا لەلایەن شای سەفەوی، داوا لە بیلۆن دی کانسڤێل کرا بە لویسی چواردەهەم رابگەیەنێت کە بەو پێیەی ئێران ڕازی نییە لە هاوکارییەکانی ئینگلیز بۆ عومانییەکان، ئەگەر پاشای فەرەنسا ڕازی بێت کەشتی جەنگی و هێزی سەربازی ڕەوانەی کەنداو بکات، ئێران ڕازی دەبێت جیاوگی سیاسی و بازرگانی زیاتر بە فەرەنسییەکان ببەخشێت ، لە کۆتایی دیدارەکەشدا، شا سوڵتان حوسێن بە ناوبراوی راگەیاند کە بەم زووانە نێردراوێکی فەرمی رەوانەی فەرەنسا دەکەن بۆ بەدواداچوونی دانوستانەکانی نێوان هەردوو ولات(صدر، 1322 : 103 - 104)
حکومەتی سەفەوی لەساڵی 1714ی زایینی، بەجدی هەوڵیدا نێردراویکی فەرمی بۆ فەرەنسا بنێرێت، لەم رووەوە شای سەفەوی داوای لە محەمەدخان بیگلەربەگی چغور سەعد کرد، نێردراوی شایستە دەستنیشان بکات و لە یەریڤانەوە بینێرێتە پاریس، سەرەتا لەلایەن محەمەد خانەوە کەسیك دەستنیان کرا بە ناوی میرزا صادق کە پۆستی دیوان بەگی [14] هەبووە ، بەڵام بەهۆی زۆری تەمەنی و وەرگرتنی بەرتیل لە هۆلەندی و ئینگلیزەکان خۆی لەم ئەرکە بەدوورخست، دواجار محەمەد رەزا بیگ(؟ - 1717) کالانتری یەریڤان لەلایەن محەمەد خان بۆ ئەم ئەرکە دەستنیشانکرا(جمعی از اساتید کمبریج، 1380 : 214).
لەراستیدا ئەو هەنگاوەی شای سەفەوی بۆدیارکردنی نێردە لەلایەن محەمەد خانەوە زیاتر دەگەرایەوە بۆ بالادەست بوونی نوێنەرانی کۆمپانیای هیندی رۆژهەلاتی هۆلەندی و ئینگلیزی لەناو دەرباری سەفەوی، جا بۆ ئەوەی ناردنی نێردراو بۆ فەرەنسا بەشێوەی نەهێنی بهێلدرێتەوە، شای سەفەوی ئەو هەنگاوەی لاپەسەند تر بووە(هربرت، 1362 : 40 - 41).
سەرەرای تێبینییەکانی شای سەفەوی لەبەنەهێنی هێشتنەوەی دیاریکردنی نێردە بۆ فەرنسا کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە، بەڵام هەلبژاردنی محەمەد رەزا بیگ وەك نێردەی تایبەتی شای سەفەوی، بەیەکیك لەخالە لاوازەکانی سیستەمی کارگێری وسیاسی دەولەت هەژمار دەکرێت، چونکە ناوبراو

شایستەی ئەو ئەرکە سیاسییە دبلۆماسیە نەبوو کە بتوانیت لە دانوستانەکان باوەر بەلایەنی بەرامبەر بهینێت، بەلکو زیاتر بەوە ناسراوە کە کەسێکی ترسنۆك و شەهوەتباز و لەخۆبایی و خۆشگوزەران و خۆویست بووە، کە زۆربەی کاربەدەستانی سەفەوی لەماوەی دەسەلاتداریەتی شا حوسێنی سەفەوی لەم سیفاتانە بەدەر نەبوون(نوایی، ج1، ایران و.... ، 1364 : 405).

مـحەمەد رەزا بیگ لە 15ی ئازاری 1714 لە یەریڤانەوە گەشتەکەی بۆ فەرەنسا دەستپێکرد. هەرچەندە حکومەتی سەفەوی هەوڵیدا ئەم ئەرکە سیاسییە( ناردنی شاند بۆ دەرباری لویسی چواردەهەم) بە شیوەی شاراوە بهێڵێتەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم خۆپارێزییانەدا، کەچی ناردنی شاندەکە لەلایەن نوێنەرانی کۆمپانیای هیندی رۆژهەلاتی هۆلەندی و ئینگلیزی ئاشکرا کرا، بەتایبەت پاش گەیشتنی نیردراوەکە بۆ ئەستانە لەلایەن ئەوانەوە کاربەدەستانی عوسمانی ئاگادار کرایەوە لە مەرامە شاراوەکانی نیردەی دەوڵەتی سەفەوی(برازش، 1392 : 1085).

نێردەی تایبەتی شای سەفەوی کاتێک بریار بوو سەردانی پێر پوچۆت 1711 - 1716 ( Pierre Puchot)باڵیۆزی فەرەنسا لە ئەستانە بکات ، لەلایەن بەرپرسانی عوسمانی لە 22ی حوزەیرانی 1714 دەستگیر دەکرێت و بۆ ماوەی چل و چوار رۆژ زیندانیکرا ، پاشان بەهۆی کاریگەرییەکانی باڵیۆزی فەرەنسا لەلایەك و لێدوانەکانی خودی محەمەد رەزا بیگ کەتوانی باوەر بە عوسمانییەکان بهێنێت کە مەبەستی سەرەکی لە هاتنەکەی سەفەرکردنە بۆ حیجاز بەمەبەستی جێبەجێ کردنی رێورەسمی حەج(مهدوی، 1381 : 136).

دوای ئازاد بوونی نێردەی تایبەتی دەوڵەتی سەفەوی ، بالویزی فەرەنسا لە ئەستانە ئەرکی دەربازکردنی شاندە ئیرانییەکەی خستە ئەستۆی خۆی ، ئەویش لەرێگای راسپاردن و پابەند کردنی وەرگێڕی باڵیۆزخانەکە بەناوی (ئاتین پادری) بەمەبەستی ریکخستنی ئامادەکارییەکان بۆ گەشت کردن بۆ فەرەنسا، دواجار بە هاوکارییەکانی پادری شاندی سەفەوی لە بەندەری ئیسکەندرۆن دوای شەش مانگ لە خاکی عوسمانی ئەم وڵاتەیان بەرەو فەرەنسا بەجێهێشت(لاكهارت، 1383 : 399)، پاشان شاندی دەوڵەتی سەفەوی لە 21ی تشرینی یەکەمی 1714 گەیشتنە بەندەری مارسیلیا، لەوێش لەلایەن محەمەد رەزا بەگ نامەیەکی ئاگادار کردنەوە لە هاتنی شاندی دەوڵەتی سەفەوی نێردرا بۆ مارکیز دی تۆرسی 1696 – 1715 (Marquis de Torcy) وەزیری دەرەوەی فەرنسا،

پاش ئەو نامەیە کاربەدەستانی فەرەنسا دەستیانکرد بە ئامادەکارییە فەرمییەکان بۆ پێشوازیکردن لە شاندی سەفەوی، دواجار شاندی سەفەوی بە ڕێورەسمی ناوازە لە ڕێکەوتی 7ی شوباتی 1715 گەیشتە پاریس(هربرت، 1362 : 52 ؛ صدر، 1322 : 106).

بەر لەدیدار و پێشوازییەکان، لویسی چواردەهەم بۆ ئەوەی زانیاری لەسەر دەوڵەتی سەفەوی هەبێت،داوای لە (ماری پێتی) کرد کە هێشتا لەژێر چاودێری حکومەتی فەرەنسادا بوو (بەهۆی ڕەفتارە ناشایستەکانی لە قەلمرەوی دەوڵەتی سەفەوی کە لەپێشوودا باسمان کردووە)، ناوبراویش تەواوی تێبینیەکانی لەسەر دەوڵەتی سەفەوی بەشێوەی ڕاپۆرت بۆ پاشای فەرەنسا ڕەوانە کرد(برازش، 1392 : 1086)، پاشان لە 19 شوبات مراسیمی فەرمی دیداری شاندی سەفەوی لەگەڵ پاشای فەرەنسا ڕێکخرا، کە گرنگی دەوڵەتی سەفەوی و شاندەکەی بۆ ڕای گشتی و خودی لویسی چواردەهەم بە جۆرێک بوو کە پاشای فەرەنسا خۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی ئامادەکردنی ڕێوڕەسمەکانی دەکرد(احمدی، 1371 : 207).

محەمەد ڕەزا بەگ پاش بە جیگەیاندنی ڕێورەسمی فەرمی پێشوازیکردن، نامەی شای سەفەوی ڕادەستی لویسی چواردەهەم کرد، پاشان دیارییەکانی شای سەفەوی ڕادەستی وەزیری دەرەوە کرد تا پێشکەشی پاشای فەرەنسا بکات، لەم ڕووەوە هەمووان چاوەڕێی ئەوە بوون بزانن شای سەفەوی دیارییەکانی چین کە بۆ بەهێزترین پاشای ئەوروپا ناردوویەتی، بەڵام کاتێک دیارییەکان پێشکەش کران، هەمووان پێیان سەیر بوو کە چۆن شای سەفەوی بەو هەموو سامانەیەوە دیارییەکی وا کەم و بێ نرخی بۆ لویسی چواردەهەم ناردووە. دیارییەکان پێکهاتبوون لە شەش سەد مرواری و دوو سەد و بیست و چوار پارچە فیروزە و دوو سندوقی زێڕی پاک کە بە گەوهەری پڕکراو رووپۆش کرابوون(هربرت، 1362 : 115).

ڕاستەوخۆ دوای کۆتایی هاتنی ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە شاندی سەفەوی، لویسی چواردەهەم، لەفەرمانێکدا هەریەکە لە مارکیز دی تۆرسی (وەزیری دەرەوە)، کۆنت دی پۆنچارتۆن( cont de poncharton) مەهرداری دەربارو وەزیری دەریاوانی و نیکۆلاس دی ماری( Nicolas de mare) پشکنەری گشتی دارای،ڕاسپارد بەمەبەستی ئەنجامدانی ووتوویژ لەگەڵ شاندی سەفەوی.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پاشای فەرەنسا تا چ ئەندازیەك گرنگی بەو پەیوەندییە داوە(نوایی، اسناد و مکاتبات... ، 1363 : 38 - 39).

دانوستان لە نێوان هەردوو لایەنی سەفەوی و فەرەنسی لە 13ی حوزەیرانی 1715 دەستی پێکرد(بیانی،ج2، 1357 : 135)، لە یەکەمین کۆبوونەوەدا تەنیا جۆر و شێوازی دانانی پەیماننامەیەك لەنێوان هەردوولا باسی لێوەکرا، دواتر بڕیار درا شاندی سەفەوی لە نارەزایەتییەکانی حکوومەتی فەرەنسا بەرامبەر بە پەیماننامەی ساڵی 1708زایینی ئاگادار بکرێتەوە، بەڵام بێ ئەزموونی نێردەی تایبەتی سەفەوی لەبواری دبلۆماسی وایکرد ئەم بابەتە هەر باس نەکرێت، بەلکو لە وتوویژێکانیدا جەختی لەوە دەکردەوە کە شای سەفەوی ئەوەندە حەزی لە دۆستایەتییە لەگەڵ پاشای فەرەنسا کە هەرچییەک بێت بە داواکارییەکانی پاشای فەرەنسا ڕازی دەبێت، بێگومان ئەم هەڵە سیاسییەی ناوبراو هانی حکومەتی فەرەنسای دا کە تاکلایەنە پێشنیارەکانی خۆیان بخاتەڕوو بەبێ ئەوەی گرنگی بە بۆچوونەکانی حکومەتی سەفەوی بدرێت(صدر، 1322 : 107 - 108).

سەرەڕای ئەوانە محەمەد ڕەزا بەگ لە میانی ئەرکەکەیدا بە ئاشکرا باسی پرسی عومان و ئامانجەکانی حکومەتی سەفەوی لە دامەزراندنی هاوپەیمانی لەگەڵ حکومەتی فەرەنسا دژی عومان نەکرد، چونکە ناوبراو ئەوەندە لە ژێر کاریگەری سەرنجڕاکێشانی پاریسدا بوو کە هەر پێشنیارێکی دانوستانکارانی فەرەنسا ئاراستەی کرابایە، ئەوە بەبێ دوودڵی قبولی دەکرد، بەڵام لەیەك خالدا نیردەی سەفەوی نارەزایەتی دەربری، ئەویش کاتیك لە دانوستانەکاندا حکومەتی فەرەنسا، خوازیاربوون پەیماننامەی ساڵی 1708ی زایینی هەلبوەشێننەوە و پەیماننامەیەکی دیکەی سودبەخشتر ببەستریت، بۆیە ناوبراو ڕایگەیاند، پەیماننامەکە لەلایەن دوو پاشا واژۆ کراوە و پیرۆزە و نابێت هەڵبوەشێنرێتەوە و دەبێت ببێتە بنەمای دانوستان(هەمان : 110).

شاندی دانوستکاری فەرەنسا داواکارییەکەی نیردەی سەفەوی قبولکرد، پاشان یەکێک لە بەرپرسە باڵاکانی حکومەتی فەرەنسا بە ناوی لانداڤیزیۆ، پەیماننامە نوێیەکەی دارشت و پێشکەشی شاندی سەفەوی کرد و لەلایەن محەممەد ڕەزا بەگ بەبێ هیچ دژایەتییەک سەرجەم برگەکانی پەیماننامەی پێشنیارکراوی پەسەند کرد، لەبەرامبەر پەسەندکردنی برگەکانی پەیماننامەی پێشنیارکراو لەلایەن نێردەی سەفەوی، (لانداڤیزیۆ) داوای لەناوبراو کرد لە بەرامبەر ئەوەی حکومەتەکەی(سەفەوییەکان)

بە فەرەنسییەکانی داوە داوای شتێک بکات. لەم رووەوە محەممەد ڕەزا داوای تەمەن درێژی و خۆشگوزەرانی پاشای فەرەنسا لە خودا خواست و پاشان ڕاگەیاند پاشای فەرەنسا باڵیۆزێک بۆ دەوڵەتی سەفەوی دەستنیشان بکات، پاشان ئەو بالویزە کونسول و بازرگانە فەرنساییەکان لەگەل خۆی بهێنینە قەلمرەوی دەوڵەتی سەفەوی، هەروەها داوای لە حکومەتی فەرەنساش کرد لە جەنگی سەفەوی لەگەڵ عومان بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی بەندەری مەسقەتدا فەرەنسییەکان هێزی سەربازی بۆ هاوکاری حکومەتی سەفەوی رەوانە بکەن(هربرت، 1362 : 140 - 141).

حکومەتی فەرەنسا پێشنیاری یەکەمیان قبول کرد، بەڵام پێیانوانەبوو نێردەی سەفەوی پێشنیاری هاوپەیمانی سەربازی لە نێوان هەردوو وڵات بکات لە دژی عومان، بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی فەرەنسا بە شێوەیەکی سیاسی وەڵامی نێردەی سەفەویان دایەوە و رایانگەیاند لەبەر ئەوەی پاشای فەرەنسا ئاگاداری دۆخی هێزە سەربازییەکانی عومان نییە، ناتوانێت کەشتیەکانی بخاتە مەترسییەوە و پێویستە چاوەڕێی گەڕانەوەی ئەو باڵیۆزەی کە پاشای فەرەنسا بۆ ئێران دەنێرێت؛ دوای گەڕانەوەی بڕیاری گونجاو دەدرێت(برازش، 1392 : 1090)، لەکۆتاییدا پەیماننامە پیشنیارکراوەکە کە 10 مادەی لەخۆ دەگرت لە ١٣ی ئابی ١٧١٥ لە کۆشکی ڤێرسای واژۆ کرا، نێردەی تایبەتی دەوڵەتی سەفەوی و نوێنەرانی حکوومەتی فەرەنسا مادەکانی ئەم پەیماننامەیەیان پێگەیشت(شیبانی، 1384 : 60).

سەبارەت بەمادەکان بریتی بوون لەوەی کە (پەیماننامەی ساڵی 1708)وەك خۆی بمینێتەوە بە مەرجێک دژایەتی پەیماننامە نوێیەکە نەکات، هەروەها تیشك خرابووە سەر ئەوەی تاکی فەرەنسی یاخود هەر کەسێکی تر کە لەژێر پاریزگاری ئاڵای فەرەنسادا بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی دەکات، مافی هاوردەکردن و هەناردە کردنی هەر جۆرە کەلوپەلێکی ئەوروپی یان ئاسیایی بۆ ئێران دەبێت بەبێ ئەوەی باجی گومرگی بدات، جگە لەمانەش ئەو کاڵایانە کە بازرگانانی فەرەنسی هاوردە یاخود هەناردەی ئێران دەکەن بە هیچ شێوەیەک پشکنینیان بۆ ناکرێت، هەروەها پێویست کرابوو لەسەر حکومەتی سەفەوی خانووی بێ بەرامبەر ئامادە بکات بۆ بازرگانانی فەرەنسی لە شاری ئەسفەهان و بەندەرەکانی ئێران لە کەنارەکانی کەنداو، لەگەڵ ئەوشدا جەخت کرابۆوە لەوەی کە باڵوێزی فەرەنسا لە دەرباری سەفەوی پێش هەموو باڵیۆزەکان و کونسوڵەکانی ولاتانی دیکە بێت ...

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(لاکهارت، 1383 : 402 - 403)، هەروەها فەرەنسایییەکانی دانیشتووی دەوڵەتی سەفەوی لە پێدانی باج دەبەخشرێن و نابێت هیچ سنوورێکیان بۆ هەناردەکردنی ئەسپ لە ئێرانەوە هەبێت بەمەرجێک ئەسپە هەناردەکراوەکان سەر بە شای سەفەوی نەبن، لەحالەتی ناکۆکییەکانی نێوان هاووڵاتیانی فەرەنسی و هاووڵاتیانی وڵاتانی دیکە لە ئێران دەبێ بە ئامادەبوونی کونسوڵی فەرەنسا و بە ئامادەبوونی دادوەرە موسڵمانەکان یەکلایی بکرێنەوە(احمدی، 1371 : 207).

سەبارەت بە پشکی دەوڵەتی سەفەوی لە برگەکانی ئەم پەیماننامەیەدا بەم شێوەیە خراونەتەروو: ئێرانییەکان لەتەواوی خاکی فەرەنسادا ئازادی بازرگانییان پێ دەدریت؛ بەمەرجێك نابێت ئەو کاڵایانە هاوردە بکەن کە هاتنە ناوەوەی بۆ ناوخاکی فەرەنسا کە لەلایەن حکومەتەوە قەدەغە کراوە ؛ هەروەها ریگا بە حکومەتی سەفەوی دراوە کونسوڵخانە لە شاری مارسیلیا دابمەزرێنێت ، لەگەل ئەوەشدا کونسوڵی سەفەوی مافی دادوەری دەبیت لە نێوان هاووڵاتیانی ئێرانی لە فەرەنسا، بەڵام لەحالەتی دروست بوونی ناکۆکی لە نێوان هاووڵاتیانی ئێرانی و هاووڵاتیانی فەرەنسی یاخود وڵاتانی تر، کێشەکە لەلایەن دادگاکانی فەرەنساوە یەکلایی دەکرێتەوە(صدر، 1322 : 113 ؛ مهدوی، 1381 : 137).

لەبارەی ئەم پەیماننامەیە لاکهارت لە کتێبی ( انقراض سلسلەی صفویە) پێیوایە ئەم پەیماننامەیە، ئەوەندەی پەیوەندی بە فەرەنسییەکانەوە هەبووە، کەمتر بەدەوڵەتی سەفەوی ، چونکە سوودێکی زۆری هەبووە بۆ فەرەنسییەکان، بەتایبەت هەموو ئەو باجە گومرگیانەی کە بۆ هەناردەکردن و هاوردەکردنی فەرەنسا لەدەوڵەتی سەفەوی دیاریکرابوون لە پەیماننامەی پێشوو، کەچی لەم پەیماننامەیە بەتەواوەتی نەمان، جگە لەمەش لە بابەتی دیپلۆماسیدا، باڵیۆزی فەرەنسا لە پێشینەی باڵیۆزەکانی دیکەی ولاتانی تر لەدەوڵەتی سەفەوی دانرا، بیگومان ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورەی سیاسی بوو بۆ فەرەنساییەکان لەدەوڵەتی سەفەوی ، لەبەرامبەردا دەوڵەتی سەفەوی لەم پەیماننامەیە سەرەرای دەستەبەرکردنی هەندیك بەرژەوەندی، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ فەرەنسا بەرژەوەندییەکانی کەم بایەخ بوون، بەتایبەت دوورکەوتنەوەی نێردەی سەفەوی لەئامانجی سەرەکی کە بریتی بوو لەبەستنی هاوپەیمانی سەربازی دژی عومان، کەچی لە پەیماننامەکەدا بەهیچ شێوەیەک باسی لێوەنەکرا (لاکهارت، 1383 : 403).

دوای واژۆکردنی پەیماننامەکە، لویسی چواردەهەم لەنامەیەکدا لە 22ی ئابی 1715 بۆ شا سوڵتان حوسێن نووسی، تێیدا زانیاری و ڕوونکردنەوەی لەسەر پەیماننامەکە خستبووە ڕوو: " .... نێردەی تایبەتی ئیوە لەدەربارى ئێمە نامەکەتی پێشکەش کردم ... مادەکانی پەیماننامە(١٧١٥) کە بەهاوکاری نیردەی سەفەوی داریژراوە لەسەر بنەمای گرێبەستی ساڵی ١٧٠٨ی زایینی و لەلایەن ئێمەوە پەسەندکراون و دڵنیاین کە ئێوەش ئەم مادانەی پەیماننامەی ساڵی ١٧١٥ پەسەند دەکەن؛ چونکە ئەم کەرەستانە بۆ تەواوکردنی گرێبەستی پێشوو زیادکراون و بۆ هاوڵاتیانی هەردوو وڵات بێ کەڵک نین، بەڵام دڵنیایی بە جەنابتان دەدەم کە نێردەکەت لە ماوەی مانەوەی لەگەڵ ئێمەدا لە هەوڵەکانیدا شکستی نەهێنا.... لە کۆتاییدا، بۆ ئەوەی خواست و حەز و ئارەزووی خۆمان نیشان بدەین بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکانەی کە خراونەتە سەر، کونسوڵێکی لێهاتوو و بەتوانا دەنێرین بۆ ئەوەی لەگەڵ نیردەکەت بێت و چاوەڕێی ئەوە دەکەین کونسوڵی دیکە بۆ ناوچەکانی دیکەی وڵاتەکەت بنێرین..... نێردەی ئێوە پیشنیارێکی کردووە( هاوپەیمانی دوو وڵات لە دژی عومان)، پێویستە زانیاری و ئامرازی پێویست بۆ جێبەجێکردنی هەبێت. پێش هەر کارێک، ئێمە زانیاریمان دەوێت سەبارەت بەو ڕێوشوێنانەی کە دەبێت بیگرینەبەر بۆ ئەوەی لەو بابەتەدا سەرکەوتوو بین...."( تاج بخش، 1340 : 230 - 231).

محەمەد ڕەزا بیگ نێردەی دەوڵەتی سەفەوی بەر لە گەڕانەوەی لە فەرەنسا پلانی دانا کە هەندێک ئەندازیار و بازرگانانی فەرەنسی لەگەڵ خۆی ببات بۆ قەلمرەوی دەوڵەتی سەفەوی، بەڵام بەهۆی خراپی بارودۆخی تەندروستی لویسی چواردەهەم، جێبەجێکردنی ئەم داواکارییە لەلایەن حکومەتی فەرەنساوە ڕەتکرایەوە، پاش ئەم هەنگاوە نیردەی سەفەوی لە 13ی ئەیلولی 1715 لە ڕێگەی بەندەری لیهاڤرەوە لەباکوری فەرنسا بەرەو دەوڵەتی سەفەوی بەرێکەوت(صدر، 1322 : 113 - 114 ؛ شیبانی، 1384 : 60)، هەرچەندە لویسی چواردەهەم یەکێک لە سکرتێریەکانی بە ناوی ئەنجو دی گاردان(Anjou de Gardane) دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی ببێتە بالوێز لەدەوڵەتی سەفەوی، بەڵام کۆچی دوایی لویسی چواردەهەم لە 12 تشرینی دووەمی ساڵی ١٧١٥ بووە هۆی دواکەوتنی ناردنی بالوێز بۆ دەوڵەتی سەفەوی(Fox, 1991: 28).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 4. چارەنووسی پەیماننامەی 1715 لەنێوان دەوڵەتی سەفەوی و فەرەنسا

دوای کۆچی دوایی لویسی چواردەهەم، ئەنجومەنی جێگری پاشایەتی فەرەنسا ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر دانانی گاردان وەك بالویزی فەرەنسا لەدەوڵەتی سەفەوی، ناوبراویش دوای وەرگرتنی نووسراوی رەزامەندی( اوراق اعتماد)، لە بەندەری مارسیلیا بەرەو دەوڵەتی عوسمانی بەرێکەوت، بەڵام لەنیو خاکی عوسمانی دەستگیر دەکریت، دواجار بە هەوڵی مارکیز دی بوناك 1716 – 1724 (Marquis de bonnac) باڵوێزی فەرەنسا لە ئەستانە لە زیندان ئازاد دەکرێت و لە تەمموزی ١٧١٧ دەگاتە یەریڤان(برازش، 1392 : 1094).

شیاوی باسکردنە هەر بەگەیشتنی گاردان بۆ یەریڤان ، ئاگادارکرایەوە کەوا محەمەد ڕەزابیگ(نێردەی دەوڵەتی سەفەوی) کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە، بۆیە گاردان لەرێگای ناردنی نامەیەک بۆ ئەنجومەنی جێگری پاشایەتی فەرەنسا لە 5ی تشرینی یەکەمی 1717 مردنی ناوبراوی ڕاگەیاند، دیارە ئەم رووداوە لەخۆرانەبوو، بەلکو بۆ چەند هۆکاریك دەگەرایەوە لەوانە ئەرکی ناوبراو وەك نیردەی تایبەتی شای سەفەوی زیاتر بۆ ئەوە بوو کە باوەر بە فەرنسایيەکان بهینیت بۆ بەستنی هاوپەیمانی سەربازی، بەڵام نەیتوانی ئەم کارە ئەنجام بدات، بەلکو هەندیك کاری کرد کە لەلایەن دەوڵەتی سەفەوی ریگای پێنەدرابوو، هەروەها لەکاتی گەرانەوەی ناوبراو، فەتح عەلیخان داغستانی[15] وەك وەزیری ئەعزەم لەدەوڵەتی سەفەوی دەستنیشان کرابوو، کە یەکەمین کاری دورخستنەوەی محەمەد خان بیگلەربەگی چغوری سەعد بوو لە پۆستەکەی کە ئەم کەسایەتییە پارێزەری راستەوخۆی محەمەد رەزا بیگ بوو، بۆیە ناوبراو گەیشتە ئەو بروایەی کە هاوکیشەکان لەبەرژەوەندی ئەودانین، بەناچاری لەرێگای ژەهر خواردن کۆتایی بە ژیانی هێنا(لاکهارت، 1383 : 405 - 406).

شاندی فەرەنسا دوای مانەوەیان بۆ ماوەی چەند مانگێك لە یەریڤان، دواجار لەنیسانی 1718 گاردان و هاوەلانی توانیان لەشاری قەزوین دیدار لەگەڵ فەتح عەلی خان داغستانی وەزیری ئەعزەم ئەنجام بدەن، هەر لەو دیدارە گاردان مەبەستی ئەرکی شاندە فەرەنسییەکەی روونکردەوە، کە بەدواداچوون بوو بۆ پەیماننامەی سالی 1715 ، کە لەلایەن نیردەی تایبەتی شای سەفەوی واژووی لەسەر کراوە، بەڵام فەتح عەلی خان داغستانی ، کە بێ ئاگا بوو لە بەستنی ئەم پەیماننامەیە و ناوەڕۆکەکەی، بۆیە

سەری سوڕما لە لێدوانەكانی گاردان و ڕایگەیاند كە محەممەد ڕەزا بیگ هیچ دەسەڵاتێكی نەبوو لەم ڕووەوە و تەنها بریكارێك بوو بۆ جێبەجێكردنی پەیماننامەی ساڵی 1708ی زایینی ، هەروەها ڕاسپێردرابوو كە داوا لە حكومەتی فەرەنسا بكات بۆ بەستنی هاوپەیمانی لە دژی عومان و ئەگەر خۆكوژی نەكردبا بە دڵنیاییەوە سزا دەدرا(هربرت، 1362 : 152).

شای سەفەوی لە 26ی ئایاری 1718 بە فەرمی پێشوازی لە باڵیۆزی فەرەنسا كرد، لە دیدارەكە گاردان داوای لە شا سولتان حوسین كرد، كە خوازیارە مادەكانی پەیماننامەی 1715 لەنیوان هەردوو ولات بخاتە بواری جێبەجێ كردن، بەڵام شای سەفەوی پێداگر بوو لەسەر هاوكارە سەربازییەكانی فەرەنسا بۆ دەوڵەتی سەفەوی، چونكە شای سەفەوی باوەری وابوو هەڕەشە و مەترسیەكانی عومانیەكان كۆتایی نایەت تاكو عومانیەكان ملكەچ نەكات،ئەویش لەڕێگای داگیركردنی مەسقەتەوە بەئەنجام دەگات(علي السیار، 1975 : 193) ، هەروەها زاڵ بوونی سەفەوییەكان بەسەر هێزی دەریایی عومان، دەبێتە سەركەوتنێكی مەزن بۆ ئێرانیەكان، چونكە داگیركردن و زاڵ بوونیان بەسەر عومان دەبێتە هۆكارێك كە ئێران لەبەهێزترین هێزی دەریایی لەناوچەكە ڕزگاریان ببێت،بەمەش سەفەوییەكان دەتوانن شكۆی دەریایی خۆیان زامن بكەن بێ ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ هیچ ڕكابەرێك لەناوچەكە(محمد امین، 1966 : 15 ؛ الرمحی، 1414 : 35).

كەچی گاردان ئامادە نەبوو هیچ بەڵێنێكی گونجاو بە حكومەتی سەفەوی بدات لە بارەی هاوكارییە سەربازییەكانی فەرەنسا بۆ سەفەوییەكان لە دژی عومان و گرتنەوەی بەندەری مەسقەت. ئەمەش تارادەیەك ئەركی بالوێزی فەرەنسای لەدەوڵەتی سەفەوی بەرەو بنبەست برد، چونكە ناوبراو پیشنیاری بۆ دەسەلاتدارانی سەفەوی كرد، كە بابەتی بەكارهێنانی هێز لەدژی عومانییەكان وەلابنرێت و هەولدەدات لەرێگای ئاشتی كێشەكە چارەسەر بكات، بەڵام لەژێرەوە دلنیایی دابوو بە عومانییەكان كە فەرەنسا بە هیچ شێوەیەك ئامادە نیە لە رووی هێزەوە بەرەنگاریان بكات لەبەرژەوەندی سەفەوییەكان. (نوایی، روابط سیاسی و اقتصادی ... ، 1383 : 282).

لەلایەكی دیكەوە هاتنی ئاتین پادری وەك كونسولی فەرەنسا لەشیراز، هەموو هەولە سیاسییەكانی گاردانی بەفیرۆدا، چونكە هەر بەگەیشتنی بەشیراز، خۆی وەك بالوێز ناساند نەوەك كونسول، بۆیە ململانێیەكان لەنێوان پادری و گاردان رۆژبەرۆژ پەرەی دەسەند، تاكار گەیشتە ئەوەی كە پادری لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیـداری لەگەڵ فەتـح عەلـی خـان لە ئـابی 1720 ، داوای پشتڕاسـتکردنەوەی پەیماننـامەی سـاڵی 1715ی زایینی لەوەزیـری ئەعزەمـی سـەفەوی کـرد، پـادری بە ئـارەزووی خـۆی ڕایگەیانـد کە ئەگەر شای سەفەوی پەیماننامەکە پەسەند بکات و تێچووی ناردنی کەشتی و هێزی سەربازی فەرەنسـی بـۆ کەنارەکانی باشووری ئێران بدات، ئەوا فەرەنسا ئامادەیە بۆ دابینکردنـی ئەو هاوکـارییە پێویسـتانەی کە دەبێ بدرێت بە دەوڵەتی سەفەوی لە دژی عومان(صدر، 1322 : 116؛ برازش، 1392 : 1097).

پێـدداگری ئـاتین پـادری لەو بەڵێنـانەی کە بەدەوڵەتـی سـەفەویدا، زۆر بەروونـی هۆکـار و دەرئەنجامەکـانی لەرێگـای نـامەیەك بـۆ دەربارِیـانی فەرەنسـا شـیدەکاتەوە، نـاوبراو پێیوابـوو بە پیشکەشکـردنی هاوکـارە سـەربازییەکان بەدەوڵەتـی سـەفەوی لەگرتنـی بەنـدەرەی مەسـەقەت ئەوە فەرەنسییەکان دەتوانن دەست بگرن بەسەر رێرەوێکی گرنگی بازرگانی لە ناوچەکـانی رۆژهەلات، کە لەدەرئەنجامـدا سـوودیکی ئـابووری و سـەربازی زۆر بە فەرەنسـا دەگەیەنیـت ، ئەویـش لەریگـای سـەپاندنی بـاجی هـاتوچۆی دەریـای لەو کەشـتییە بازرگانییـانەی کە لەو نـاوچەیە هـاتوچۆ دەکەن، سەرەرای ئەوەش دەتوانرێت باج لە کەشـتییەکانی ماسـیگر و راوچییەکـانی مەرواری لە دورگەکـانی بەحـرێن وەربگیرێـت، هەروەهـا گرتنـی بەنـدەری مەسـقەت بـۆ فەرەنسـا دەبیـتە هۆکارێـك کە ببێـتە خاوەنی راستەقینەی بازرگانی لەنێوان ئیران و هیند(تاج بخش، 1340 : 234 - 235).

شوێن و پێگەی عومان لەناوچەکە پاڵنەرێکی باش بوو بۆ هاندانی ئاتین پادری کە چاوبرێتە عومـان، چونکە پێگەی جوگرافی و هەڵکەوتەی عومان کە دەڕوانێتە سەر سێ ڕێگای ئاوی گرنـگ وەك دەریـای عەرەبی و و ئۆقیانوسـی هینـدی و کەنـداو، ئەمەش وایکـردووە دەسـەڵاتی بەسـەر گرنگتـرین ڕێگـای بازرگـانی دەریـایی و وشـکانیدا هەبێـت لەکەنـداو بـۆ ئەوروپـا و ڕۆژهەڵات و باشـوری ڕۆژهەڵاتی ئاسـیا،بەواتایەکی دیـکە داگیرکردنـی عومـان واتە زاڵ بـوون بەسـەر شـا دەمـاری بازرگـانی ناوچەکەیە(الشـامی، 1980 : 87 ؛ جـوده الزبیـدی، 1983 : 93) ، جـگە لەمەش بەم هەنگـاوەی فەرەنسا دەتوانرێـت بەنـدەری مومباسا لە کەنارەکـانی رۆژهەلاتی قـارەی ئەفریقیـا کە بیسـت سال لەمەوبەر عومانییەکـان لە پرتوگالییەکانیـان وەرگرتبـوو، بکەوێـتە دەسـت فەرەنسـا، ئەمەش ریگـای حەبەشە بۆ فەرنسا دەکـریتەوە کە زەمینـەیەك برەخسـێت بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر مۆزەمبیـق.... (تـاج بخش، 1340 : 235).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەوڵەتی سەفەوی لەنێوان دووریانی نادیار بوو، نەیدەزانی گرنگی بە بەلێنەکانی پادری بدات یاخود بە لێدوانەکانی گاردان، بەڵام لە دەرئەنجامدا کاربەدەستانی سەفەوی لە یارمەتییە سەربازییەکانی فەرەنسا بێ هیوا بوون، بۆیە لەلایەن شای سەفەوی بەفەرمی پەیماننامەی 1715 رەزامەندی لەسەر نەدرا، پاشان بە فەرمانێك بەخشینی باج لەسەر کاڵای فەرەنسی هەڵوەشاندرایەوە باجیش لەسەر بازرگانە فەرەنسییەکان سەپێنرا(برازش، 1392 : 1098) ،ئەمەش وایکرد هەوڵەکانی نێردراوانی فەرەنسا بۆ پەسەندکردنی پەیماننامەی ساڵی 1715 زایینی هیچ بەرهەمێکی نەبێت تا کۆتایی سەردەمی شا سوڵتان حوسێن ، لەبەر ئەوەی فەرەنسییەکان ڕازی نەبوون بە هاوکاریکردنی سەفەوییەکان لەدژی عومانییەکان، هەرچەندە دانوستانەکانی حکومەتی سەفەوی لەگەڵ پادری بەتایبەت توانرا حکومەتی سەفەوی ناچار بکات بە داواکارییەکانی ڕازی بێت لە پەسەندکردنی پەیماننامەکە بە بەڵێنی بێ بنەما کە هیچ سوودێکی بۆ فەرەنسا نەهێنا، چونکە لەو کاتەدا لە ساڵی 1722 ئەسفەهان لەلایەن ئەفغانەکان داگیر کرا[16]( تاج بخش، تاریخ...، 1373 : 803 ؛ قائم مقامی، 1348 : 89 ).

دوابەدوای داگیرکردنی ئەسفەهان لەلایەن ئەفغانەکان ،تەهماسب میرزا(1704 - 1740) کوری شا سولتان حوسێن کە ئەوکات لەباکووری ئێران بوو وەك (شا)ی ئێران خۆی ناوزەدکردبوو، بەناچاریەوە داوای لەهەریەکە لەڕوسیای تەزاری و دەوڵەتی عوسمانی کرد بۆ دەرکردنی ئەفغانەکان لەوڵاتدا، بەڵام وەڵامی عوسمانیەکان بۆ داواکاریەکە مەرجی زۆر قورسی لەخۆگرتبوو، وەك داواکردنی تەواوی ئەو ناوچەو مەڵبەندانەی کەبەئارەزووی خۆیان داوای دەکەن،پێویستە تەهماسبی دووەم پێیان بدات،ئەوکات یارمەتی دەدەن لەگەڕانەوەی دەسەڵاتەکەی، هەروەها هەولیش دەدەن بۆ دەرکردنی ئەفغانەکان لەئێران، ئەو مەرجانەش ڕێك وەك مەرجەکانی تەزاری ڕوسیا بوو(سیوری، 1372 : 251). باڵا دەستی ڕوسیا لەکەنارەکانی دەریای خەزەر زەنگێکی مەترسیداربوو بۆ دەوڵەتی عوسمانی، ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی لێدەکەوتەوە بەڵام هەوڵەکانی باڵیۆزی فەرەنسا (مارکیز دی بوناك) لە ئەستانە توانی کێشەکە یەکلایی بکاتەوە(ولدانی، 1367 : 16 - 17) ، دوای هێور کردنەوەی بارودۆخەکە لەلایەن باڵوێزی فەرەنسا هەردوو وڵات گەیشتنە ڕێکەوتننامەیەك لە24 ی حوزەیرانی ساڵی 1724ز،کەوەزیری ئەعزەم داماد ئیبراهیم پاشا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باڵوێزی ڕوسیا لە ئیستانبول(نیبلوییف) ریکەوتننامەکەیان واژوو کرد، دواتریش باڵوێزی فەرەنسا لە 2ی تەمموزی هەمان ساڵ وەك لایەنی ناوبژیکەر واژووی لەسەر ڕێکەوتنەکە کرد[17](کاظم نورس، 1979 : 109).

لەم رووەوە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و فەرەنسا لە سەردەمی شا سوڵتان حوسێن هیچ سودێکی ئەرێنی بۆ سەفەوییەکان نەبوو، بەشێوەیەك حکومەتی فەرەنسا بە نێوەندگیری و ڕێکخستنی ڕێککەوتنی ساڵی 1724ز لە نێوان وڵاتانی دراوسێی ئەو وڵاتە( عوسمانی و روسیای تەزاری) بە ڕوونی نیشانی دا کە هیچ گرنگییەکی بە مانەوەی دەوڵەتی سەفەوی نەداوە(لاکهارت، 1383 : 405 - 406).

## ئەنجامەکان:

1- هیچ کاتێک پەیوەندییە سیاسیەکانی دەوڵەتی سەفەوی و فەرەنسا نەگەیشتۆتە ئاستی هاوکاری سەربازی لەدژی عومانییەکان، ڕەنگە ئەمەش پەیوەندی هەبێت بەوەی کە ئەوکات عومانییەکان یەکێك بووە لە هێزە دەریاییە کاریگەرەکان، کە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا خۆیان لەقەرەی نەداوە.

2- پەیوەندییەکانی دەوڵەتی سەفەوی و فەرەنسا زیاتر لەسەر بنەمای بەرژەوەندی بازرگانی بنیادنرابوو، بەڵام شا حوسێنی سەفەوی لەسەرەتای پەیوەندییەکان هەوڵیدا ئەم جۆرە پەیوەندییە لەبازرگانی بگۆڕێت بۆ بواری سەربازی، کەچی فەرەنسییەکان هەر جارە و لەڕێگای بیانوویەك بەربەستیان دروست دەکرد بۆ ئەوەی داواکارییەکەی شای سەفەوی جێبەجێ نەکەن.

3- بوونی کەشتییە جەنگییەکانی هۆڵەندا و ئینگڵتەرا لەکەنداو ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە لەزیادبوونی کێبرکێی دەریایی و دروستکردنی بەربەست لەبەردەم فەرنسییەکان لە نزیك بوونەوە لەدەوڵەتی سەفەوی. جگە لەمەش فەرەنسا ئامادە نەبوو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێنە ناو بازنەی ململانێیەکان، چونکە پەیوەندییەکی بەهێزی سیاسی و ئابوری لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی هەبوو، ئەمەش وایکرد بەستنی پەیمانامەی بەرگری هاوبەش لەنێوان دەوڵەتی سەفەوی و فەرەنسا لە چوارچێوەی بەڵێنە بێ کردارەکان بمێنیتەوە،بێ ئەوەی هیچ دەستپێشخەرییەك بکات لەپێشکەشکردنی هاوکاری سەربازی بەدەوڵەتی سەفەوی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4- فەرنسییەکان سیاسەتی دوولایەنەیان پەیرەو دەکرد، لەلایەك لەڕێگای ناردنی شاندی سیاسی پاڵپشتی خۆیان بۆ بەرقەرارکردنی پەیوەندی سیاسی و ئابوری لەگەڵ شا حوسێنی سەفەوی دووپات دەکردەوە، لەهەمان کاتدا کاریان بۆ خۆشکردنی پەیوەندی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و عومان کردووە.

5- شای سەفەوی هەوڵیداوە لەڕێگای پێدانی جیاوگ بە فەرەنسا سوود لە هاوکارییە سەربازییەکانی ئەو ولاتە وەربگرێت، بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانە سەرەڕای ئەو ئاسانکاریانە بۆ ئەو وڵاتە لەلایەن دەوڵەتی سەفەوییەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەماوەی تەواوی فەرمانڕەوایی شا حوسێن، هیچ کات ئەم وڵاتە خوازیار نەبوون ببێتە هاوپەیمانی کردەیی راستەقینە بۆ دەوڵەتی سەفەوی، بەڵکو جگە لەبازنەی ئالۆگۆری شاندەکان( سیاسی- بازرگانی- مەزهەبی) هیچی دیکەی لێ بەدینەهاتووە، بەڵکو رێگا خۆشکەر بوو بۆ هەندێك لە وڵاتان بەتایبەت ئینگلتەرا و هۆڵەندا کە لەڕێگای هەردوو کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی ئینگلیزی و هۆڵەندی توانیان ئەم دەرفەتە بۆ خۆیان بقۆزنەوە و پێگەی خۆیان لەڕووی سیاسی و سەربازی لەکەنداو جێگیر بکەن، کە لەداهاتوودا کاریگەری گەورەیان دەبێت لەناوچەکەدا، بەتایبەت پەرەپێدان بە پرۆژە ئیستعمارییەکەیان.

6- خراپی دەستنیشانکردنی نێردەی شا حوسێن بۆ فەرەنسا، وایکرد هەوڵە دیپلۆماسییەکانی دەوڵەتی سەفەوی لە راکێشانی فەرەنسا بۆ بەستنی هاوپەیمانی هیچ ئەنجامێکی نەبێت، چونکە شا حوسێن لەسەرەتای هەوڵە سیاسییەکانی پشتی بە فەرمانڕەوای ئەیالەتەکان دەبەست بۆ هەڵبژاردنی نێردە کە شارەزاییان لە بابەتە سیاسی و دبلۆماسییەکاندا نەبووە کە دەرئەنجامەکەی بە شکستخواردنی هەوڵە دیپلۆماسییەکانی دەوڵەتی سەفەوی دادەنرێت.

7- هەرچەندە هەوڵەکانی شا حوسێن لەگەڵ فەرەنسا لە پێناو گەشەپێدانی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوانیان لەماوەی فەرمانڕەوایەتی ناوبراودا بەردەوامی هەبوو، بەڵام ناکرێت ئەو فاکتەرە سەرەکییە لەیاد بکرێت، کە بووە هۆکار بۆ لاوازکردنی هەوڵە دیپلۆماسییەکان، لەوانە هۆکارە جوگرافییەکان بەتایبەت دووری نێوانیان، کە زۆرجار بۆ بەرقەرارکردنی پەیوەندییەکانیان لەڕێگای دەریاوە لەو زەمانەدا ماوەی دوو ساڵ یان زیاتری پێویست بووە، ئەمەش کاریگەریی راستەوخۆی هەبووە ، چونکە ڕووداوەکان بەخێرایی گۆڕانکاریان بەسەردا دەهات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پەراوێزەكان:

[(1)] پەیمانی ئاشتی رایسفایک : کۆمەڵێک ڕێککەوتن بوو کە لە شاری رایسفایک لە کۆماری هۆڵەندا لە نێوان 20 ئەیلول و 30 ی تشرینی یەکەمی 1697 واژۆ کرا بۆ وەستاندنی جەنگی (نۆ ساڵە) و جەنگی (پاشا ویلیام) لە نێوان شانشینی فەڕەنسا لە لایەک و وڵاتانی پەیمانی ئۆگسبورگ کە پێکهاتبوون لە کۆماری هۆڵەندا و ئینگلتەرا و ئیسپانیا و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆز لە لایەکی تر. ڕێککەوتنەکە واژۆ کرا چونکە قاتوقڕی لە ئەوروپا بەهۆی شەڕەوە بەربڵاو بوو و هەموو لایەنەکان زیانی زۆریان بەرکەوت، ئەم ڕێکەوتنە تەنها ئاگربەست بوو، چونکە جەنگی (خەلافەتی ئیسپانیا) کە ئەورووپای گرتەوە لە ساڵی 1701 دوای مردنی پاشا کارلۆسی دووەمی ئیسپانیا دەستی پێکردەوە. (Childs, 1991: 3 - 27)

[(2)] کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەلاتی فەرەنسی لە ساڵی ١٦٦٤ لەلایەن پادشا لویسی چواردەهەمی فەرەنسا دامەزراوە. ئامانجی سەرەکی کۆمپانیاکە ئەوە بوو کە ڕکابەری کۆمپانیاییەکانی هیندی رۆژهەلاتی ئینگلیزی وهۆڵەندییەکان بکات کە پێشتر دامەزراون لە بازرگانی بەهاراتدا، فەرەنسییەکان بنکەی بازرگانییان لە هیندستان و زەریای هیندی دامەزراند، کۆمپانیاکە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگی بووەوە، لەوانە کێشەی دارایی، ناسەقامگیری سیاسی و کێبڕکێی زلهێزەکانی دیکەی ئەوروپا، سەرەڕای ئەم تەحەددایانە، فەرەنسییەکان توانیان ئامادەیییەکی بەهێز لە هیندستان و زەریای هیندیدا جێگیر بکەن و کۆمپانیاکە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دارشتنی ئیمپراتۆریەتی کۆلۆنیالی فەرەنسی، ئەم کۆمپانیایە لە ساڵی ١٧٦٩هەڵوەشایەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : (حسين الزهيرى، 2024 : 138 – 143 ؛ Edwardes,1961 : 53).

[(3)] لویسی چواردەهەم یەکێکە لەپادشا بەناوبانگەکانی فەرەنسا ، بەشێوەی فەرمانرەوایی ڕەها لەماوەی نێوان سالانی ( 1643-1715) حوکمی کردووە ، دوا پادشای بنەمالەی( بۆربۆن) ە ، بەهۆی زۆری شەرەکانی لەماوەی سالانی 1667-1713 و خراپی سیاسەتی بەتایبەت لەرووی داراییەوە ، فەرەنسای رووبەرووی چەندان قەیران کردۆتەوە ، بەشێوەیەك پادشاکانی دوای خۆی نەیانتوانی چارەسەری بکەن سەرئە نجام شۆرشی فەرەنسی لەسالی 1789 بەدوای خۆیداهێنا بۆزانیاری زیاتر بروانە : (مراد،خليل على و اخرون، دون تاريخ الطبع : 140 ؛ حسين،2013 : 44).

(4) ناوی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ هۆزێکی فارسی کەلەساڵی 900 پێش زاین نیشتەجێی باشووری وڵات بوونەو توانیان ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی دابمەزرینن، دوای ئەوەی ئەم ئیمپراتۆریەتە لەسەردەستی ئەسکەندەری گەورە لەناوچوو،کەچی ئەو شوێنە جوگرافییە بەناوی وڵاتی فارس لەناو یۆنانیەکان بڵاوبۆوەو پاشانیش ئەوروپاییەکان و عەرەبەکان ئەم زاراوەیان بەکارهێنا، ئەم ناوە بەردەوام بوو تاکو سەردەمی فەرمانرەوایەتی رەزا شا،بەڵام لەساڵی 1935ز بەفەرمانی رەزا شا ناوەکەی گۆڕدا بۆ ئێران.( ولبر، 1958 : 1 ؛ النجار, 1984 : 199).

(5) ناوی کەنداو لە چەرخە کۆنەکاندا بەتایبەت لەمیلە هەلکەندراوە ئەکادیەکان بە دەریایی نزم یاخود دەریای تاڵ هاتووە، بۆیەکەمین جاریش لەسەردەمی ئەسکەندەری مەقدۆنی ئەم کەنداوە بەکەنداوی فارس ناوی بردووە، هەروەها کەنداوی فارسی زیاتر باو بووە لەلایەن ئەوروپیەکان و جیهانی ئیسلامی، چونکە بەشێوەیەکی گشتی پشتیان بەستووە بەوەرگێردراوی جوگرافیای بەتلیمۆس کەئەویش بەکەنداوی فارس ناوی بردووە، دواتر ئەم ناوە بەردەوام بووە،لەلایەکی دیکەوە لەسەدەی یەکەمی زاینی مێژوونوسی رۆمانی پلینی (62 -113م) ناوی کەنداوەکەی بەکەنداوی عەرەبی هێناوە، بەڵام لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی ناوەکەیان گۆڕی بۆ کەنداوی بەسرە، لەلایەکی دیکەوە دانیشتوانانی ئەحسا بەکەنداوی قەتیف ناویان هێناوە، تاکو ئێستا سەبارەت بەناوی کەنداو مشتومڕی زۆری لەسەرەو یەکلایی نەکراوەتەوە،چونکە سروشتێکی سیاسی وەرگرتووە، لەلایەن ئێرانیەکان بەکەنداوی فارس دادەنرێت بەڵام وڵاتانی عەرەبی کەنداو بە کەنداوی عەرەبی دادەنێت، سەبارەت بەجوگرافیای ناوچەکە ، کەنداو دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا، دەکەوێتە سەر هێلی پانی 24-30 پلە باکور ، هەروەها هێلی درێژی 48-50 پلە ڕۆژهەڵات، شاری بەسرە دەکەوێتە باکوری و وڵاتی کوێت لەباکوری ڕۆژئاوای ،هەریەکە لەبەحرێن و قەتەرو ناوچەی ئەحسای عەرەبستانی سعودیە لەڕۆژئاوا، هەروەها باشوورو باشووری ڕۆژئاوا دەوڵەتی ئیمارات و تەنگەبەری هورمزو کەنداوی عومان، ئێرانیش دەکەوێتە ڕۆژهەڵات وباکوری ڕۆژهەڵاتی: ( قلعجی ،1995 : 7-8 ؛ الهیتی،1978 : 7 - 8).

(6) کۆمپانیای هیندی رۆژهەلاتی هۆڵەندی(VOC): دوای ئەوەی هۆلەندا وەك دەوڵەتێکی ئەوروپی کەوتە هەڵپەی پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی، لەسالی 1593 دەستییکرد بە بازرگانی کۆیلە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەسالی 1595 یەکەم هەڵمەتیان بۆ دورگەکانی هیندی رۆژهەلات دەستی پێکرد،لەسالی 1602 بۆهەمان مەبەست کۆمپانیای هیندی رۆژهەلاتی هۆڵەندیان دامەزراند، کۆمپانیاکە توانی لەماوەیەکی کەم دەستەلاتی پورتوگالیەکان لەناوچەکانی سیلان و جاوەو سۆمەترە دوربخاتەوە . لەسالی 1606 توانی شکشت بە کەشتی گەلی ئیسپانی بهێنێ لەناوچەی جەبەل تارق ، بەشێوەیەکی گشتی کۆمپانیاکە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر کەمکردنەوەی بەرژەوەندییە ئابووریەکانی ئیسپانی و پورتوگالیەکان. بۆ زانیاری زیاتر بروانە: (Watson,1976 : 325 ؛ سالح ، 2012 : 366).

(7) کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی ئینگلیزی(EIC) : کرۆکی ئەم کۆمپانیایە دەستەیەك بوو کە لە ساڵی 1599ز لەژێر ناوی (یەکێتی بازرگانە سەرکێشەکان بەمەبەستی بازرگانی لەگەڵ ڕۆژهەڵات)لە لەندەن دامەزرا،شاژنی ئینگلتەرا ڕەزامەندی خۆی نیشاندا بە دامەزراندنی کۆمپانیا،هەروەها لەسەر کۆمپانیا جەختکرایەوە کە بازرگانی لەگەڵ ناوچەکانی ئاسیا و ئەفریقیا و دوورگەکانی ئەو ولاتانە بکات بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و پەرەپێدانی بازرگانی بەمەرجێك کۆی خەرجییەکان بکەوێتە سەر شانی کۆمپانیا، کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی ئینگلیزی لە ڕووی پێکهاتەوە پێکدەهات لە سەرۆکێك کە وەك فەرمانڕەوای کۆمپانیا ناوزەد دەکرا،لەبەرامبەریشدا لێژنەیەك هەبووە لە بیست وچوار ئەندام پێکدەهاتن ناسرابوون بە لێژنەی بەڕێوەبەرەکان(Board of Directors)،کە ساڵانە لەمانگی تەمموز ئەندامەکانی دەست نیشاندەکران، تۆماس سمایث(Thomas smythe) لەنێوان ساڵانی ( 1600، 1603 – 1621ز)یەکەمین سەرۆکی کۆمپانیا بوو ، هەروەها لە ئەندامە دیارەکانی لێژنەی بەڕێوەبەران، ریچارد ستاپەر ( Richard staper ) 1540-1608ز بوو، کە هەردووکیان بەیەکەوە دامەزرێنەری سەرەکی کۆمپانیای لیڤانت بوون،ڕۆڵی سەرەکیان گێراوە لە پاڵپشتیکردن لەڕووی داراییەوە لە گەشتە دۆزینەوەکان(رحلات استكشافية)لە ئاسیا و دوورگەکانی هیندی ڕۆژهەڵاتی. بۆزانیاری زیاتر بروانە : (کەریم، 2021 : 122 – 129)

(8) جۆرێکی دیکەی کەشتیە کە لەنیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەهەم بەکارهێنانی بەربڵاوی هەبووە، بەڵام ئێستاکە ئەم جۆرە کەشتیە باوی نەماوە، شێوەی بەکارهێنانی ڕادەوەستایە سەر چارۆگەو سەوڵ لێدان، لەهەمان کاتدا لەوماوەیە بۆ کاری جەنگی و بارزکانی بەکارهاتووە. عبدالامير محمد امين، القوى البحريه فی ...، ص12.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

[9] وەزیری ئەعزەم بەرامبەر پۆستی سەدری ئەعزەمە لەدەولەتی عوسمانی، لەناو دەولەتی سەفەوی دووەمین پۆستی گرنگ و گەورەیە لەدوای شا.

[10] دیارە ئەوکات بە یەریڤان ووتراوە (سەعد)

[11] بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی بەندەکانی رێکەوتننامەی 1708 بگەڕێوە بۆ: (لاکهارت، 1383 : 392 – 393 ؛ احمدی، 1371 : 204 - 206).

[12] راگواستنی ئەرمەنەکان لەجلفای کۆن کە دەکەوێتە سەر رووباری ئاراس بۆ ناو ئێران و نیشتەجێ کردنیان لە شوێنێکی نوێ بە ناوی جلفا یاخود (جیوانا) لە دووری دوو میل لەشاری ئەسفەهان ، بەفەرمانی شا عەباسی یەکەم بەسێ قۆناغ جێبەجێ کراوە و دابەش کراون بۆ سێ کۆمەڵە، سەبارەت بەکۆمەلەی یەکەم ناسراون بە ( راگوێزەرانی بێگانە)، هەرچی کۆمەلەی دووەمە ناسراون بە( راگوێزەرانی دەشتی ئارارات)، بەڵام دیارترین کۆمەڵە بریتی بوون لە ( راگوێزەرانی جلفا) کە لە سالی 1603 لەدوای ئابلوقەدانی قەڵای یەریڤان لەلایەن شا عەباسی یەکەم گواسترانەوە بۆ ناوچەی جلفای نوێ، دیارە راگواستنی ئەرمەنەکان راستەوخۆ لەژێر چاودێری شا عەباسی یەکەم ئەنجام دراوە. هەرچەندە راگواستنی ئەرمەنەکان و وابەستە کردنی بە هۆکاری سەربازی ماوەیەکی کورت خایەن بووە، چونکە دواتر تێروانینی شا عەباسی یەکەم لەبەرامبەر ئەرمەنەکان گۆرانکاری بەسەرداهات، بەتایبەت پاش ئەوەی شا عەباس هەموو تواناکانی وڵاتی لە فرەوانکردنی بازرگانی لاپەسندتر بوو، لەم رووەوە گەیشتە ئەو بروایەی کە ئەرمەنەکان لەکاری بازرگانی پیاوی مەیدانن و دەتوانێت لە رێگای ئەوانەوە هەوڵەکانی چر بکاتەوە بۆ گرنگی دان بە بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی بیانی سەرەتای هاوسۆزی شا عەباسی یەکەم لەگەڵ ئەرمەنەکان دەگەرێتەوە بۆ ئەو نادڵنیایەی کە لەبازرگانیکردنی ئاوریشم لەلایەن بازرگانە ئێرانیەکان ئەنجام دەدرا، بۆیە روویکردە ئەرمەنەکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کارە، دیارە شا عەباسی یەکەم لە دەست نیشانکردنی ئەرمەنەکان بۆ بازرگانی کردنی ئاوریشم چەندین هۆکاری لەبەر چاو گرتبوو، لەوانە جوانی لەش و لاریان، هەروەها کەسانی قانع و کەم تەماح ،لەگەڵ بوونی شارەزایی زۆر لەبەرێوەبردنی کارەکان، جگە لەمانەش هۆکاری مەسیحی بوونیان خالێکی گرنگی ئەو دەست نیشانکردنە بووە، چونکە لەو رێگایەوە لە وڵاتانی مەسیحی دەتوانن بەباشترین شێواز بازرگانی ئەنجام بدەن.(کارری ،1348 : 99 ؛ درهوهانیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1379، 18 ؛ قوكاسيان ،1353 : 60 ؛ شاردن ،جلد چهارم، 1374 : 1572 ؛ تاورنيه،بی تا : 401-405).

(13) مەترسییەکانی دەولەتی سەفەوی سەبارەت بە مادەی (26)، لەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە والی گورجستان ڤاختانگ شەشەم 1675 – 1737 (Vakhatang VII)، لە ساڵی ١٧٠٩ نامەیەکی بۆ لویسی چواردەهەم نووسی و بە باوک و گەورەی خۆی ناوی برد و داوای پشتیوانی لێکرد، بەڵام بەهۆی دووری جۆرجیا لە فەرەنسا لەلایەك و پێوەندی ئاشتەوایی فەرەنسا لەگەڵ هەریەکە لەدەوڵەتی سەفەوی و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، کە لە نێوانیاندا جۆرجیا دابەش ببوو، بۆیە هەر دەستوەردانێك لەکاروباری گورجستان لەلایەن فەرەنساوە، لەلایەن ئەم دوو وڵاتەوە بە هەڕەشە دادەنرێت لەسەر سەر ئاسایشی نەتەوەییان،بۆیە دواجار ئەم هەوڵانە بۆ بەدەستهێنانی سەرنجی حکومەتی فەرەنسا بە مەبەستی پشتیوانیکردنی گورجییەکان لە گەیشتن بە سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە ئێران، سەرکەوتوو نەبوو(برازش، 1392 : 1081 - 1082).

(14) دیوان بەگی باڵاترین دەسەلاتی دادوەری و سەرۆکی دیوانی داداگای گشتی بووە لە قەلمرەوی دەولەتی سەفەوی، کە کەسە پایەبەرز و ناسراوەکان ئەم پۆستەیان وەرگرتووە و لەدەربار رۆلی دیاریان هەبووە، لە هەر ئەیالەتێك دیوان بەگی تایبەت بەخۆی هەبووە، کە هەموویان راستەوخۆ سەر بە دیوان بەگی دەربار بوون، سەبارەت بەدەسەلاتەکەی بەشێوەیەك بووە کە حوکمی دیوان بەگی لەسەرتاسەری گوێرایەلی کراوە، بەبەردەوامی و بەشێوەی رێکخراو سەردانی ئەیالەتکانی کردووە، یاخود لەرێگای بریکارەکانی ئەگەر سەردانەکەی بەپێویست زانیبا، لەکاتی سزادانی بەرپرسانی دەولەت لەلایەن شاوە، ئەوە دیوان بەگی بەشێوەی شەخسی سزاکەی جێبەجێ دەکرد، جگە لەمەش دیوان بەگی بەرپرسیار لە مامەلە کردن لەگەڵ تاوانی کەسە بیانییەکان لە قەلمرەوی دەولەتی سەفەوی(فلور،1385 : 32 ، 38 - 41).

(15) فتح عەلی خان داغستانی(1716 - 1721) (وەزیر ئەعزەم) لەسەردەمی حوکمرانی شا حوسێن، سەرەرای ئەوەی سوننە ئاینزا بوونی و یەکێك بووە لە خانەدانەکانی لزگی, لەماوەی دەسەلاتیدا بەردەوام لە ململانێ دابوو لەگەڵا مەلا باشی( باقر مەجلیسی) کە بەرزترین پۆستی ئاینی هەبووە، هۆکاری ئەو دووبەرەکیە لە نێوان مەلاباشی و فتح عەلی خان، دەگەرێتەوە بۆ ئەو پلەو پایەی فتح

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عەلی خان کە جێگای باوەڕی شاەحسێن بوو، جێی وەبیر هێنانەوەیە کە ئەو سەردەم بەسەردەمی توندرەوی شیعە گەرایی دادەنرا، هەروەها ئەم وەزیرە مەزهەب سونەیە توانی داوا لە لوتف عەلی خانی برازای بکات کە حاکمی فارس بوو سوپاکەی ئامادە بکات بەرەو خۆراسان، بەمەبەستی گەراندنەوەی هرات و قەندەهار بۆ ژێر دەسەڵاتی سەفەوی ، ئەم کارەی وەزیری ئەعزەم لەلایەن گەورە بەرپرسانی دەربار بەتایبەت مەلا باشی بووە جێگای ئیرەیی، ، بۆیە دەسەلاتدانی دەربار، توانیان باوەر بە شا حوسێن بکەن کە فتح عەلی خان دەستی هەیە لە یارمەتیدانی شۆڕشگێرانی لزگی و تۆمەتباریان کرد بە خیانەت کردن بەرامبەر بە دەولەت ، بۆیە فەتح عەلیخان لە پۆستەکەی دوورخرایەوە،لە راستیدا ئەم پیلانەی دەربار دژ بە بیرۆکەی فەتح عەلی خان سەرەتای کۆتایی دەوڵەتی سەفەوی بوو(براون، 1375 : 133 ). بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ململانێی و رکابەرییەکانی دەربار لەسەرووی هەموویانەوە مەلاباشی و چارەنووسی فەتح عەلی خان بروانە : (حسینی فسائی، 1378 : 496 راوندی، جلد4، 1382 : 379 - 380).

[16] سەبارەت بە داگیرکردنی ئەسفەهان لەلایەن ئەفغانەکان بروانە: (کەریم ، 2014 : 50 – 58).

[17] ناوەرۆکی رێکەوتنەکە زیاتر بۆ دابەشکردنی ناوچەکانی باکورو رۆژئاوای ئێرانە لەنێوان ڕوسیاو دەوڵەتی عوسمانی، بەگوێرەی ئەو پەیماننامەیە عوسمانیەکان باڵادەستی ڕووسەکانیان لەکەنارەکانی دەریای خەزەر قبوڵکرد، لەبەرامبەردا شاری تەورێزوئەردەبیل و هەمەدان و هەموو ناوچەکانی نێوان ئەو شارانە بۆ دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن ڕوسیاوە قبوڵ کرا( hurewitz, 1956 : 42 – 45 ؛ پارسا دوست، 1364 : 49 ).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## لیستی سەرچاوەکان:

### 1- کتێب

أ- به زمانی فارسی:

- احمدی،مریم میر(1371)، تاریخ سیاسی ،اجتماعی ، اقتصادی و فرهنگی در عصر صفوی ، انتشارات امیر کبیر ، تهران.
- اشتیانی،عباس اقبال(1384)، مطالعاتی در باب بحرین و جزایرو سواحل خلیج فارس، مجلس شورای ملی، تهران.
- برازش،امیر حسین(1392)، روابط سیاسی – دیپلماتیك ایران و جهان در عهد صفویه، انتشارات امیر کبیر، تهران.
- بیانی، خانبابا(1357)،تاریخ عمومی تفوق و برتری فرانسه 1685 – 1715 ، ج2 ، دانشگاه تهران، تهران.
- پارسا دوست، منوچهر(1364)، زمینه‌های تاریخی اختلافات ایران و عراق، شرکت سهامی انتشار، تهران.
- تاج بخش، احمد (1373)، تاریخ صفویه، انتشارات نوید، شیراز.
- تاج بخش، احمد(1340)، ایران در زمان صفویه، بی نا، تبریز.
- جعفریان، رسول(1378)، صفویه از ظهور تا زوال، مؤسسه‌ی فرهنگی دانش و اندیشه معاصر، تهران.
- درهوهانیان، هاروتون(1379،) تاریخ جلفای اصفهان، ترجمه: لئون میناسیان، م.ع.موسوی فریدونی، جلد اول، انتشارات نقش خورشید، اصفهان.
- سیوری، راجر(1372)، ایران عصر صفوی ، ترجمه : کامبیز عزیزی، نشر مرکز ، تهران.
- شاردن، ژان(1374)، سفرنامه، ترجمه: اقبال یغمایی، جلد چهارم، انتشارات توس، تهران.
- شوستر والسر، سیبیلا(1364)،ایران صفوی از دیدگاه سفرنامه‌های اروپاییان، ترجمه : غلام رضا ورهرام، انتشارات امیر کبیر ،تهران.
- شیبانی، ژان(1384)،سفر اروپاییان به ایران، ترجمه : سید ضیاءالدین دهشیری، انتشارات علمی و فرهنگی،تهران.
- صدر، کاظم(1322)،تاریخ سیاست خارجی ایران، اداره مطبوعاتی پروین، بی جا.
- عقیل، مصطفی(1391)،رقابت بین المللی در خلیج فارس، ترجمه : یاسر قزوینی حائری، انتشارات امیر کبیر، تهران.

- قائم مقامی ،جهانگیر،(1348)، یکصد و پنجاه سند تاریخی از جلایریان تا پهلوی، ستاد بزرگ ارتشتاران، تهران.
- کارری، جملی(1348)، سفرنامه، ترجمه: عباس نخجوانی و عبدالعلی کارنگی، اداره کل فرهنگ و هنر، تبریز.
- لاکهارت، لارنس(1383)، انقراض سلسله صفویه، ترجمه: اسماعیل دولتشاهی، انتشارات علمی و فرهنگی،تهران.
- ماله، البر و ژول ایزاك(1383)، تاریخ قرون جدید، ج3 ، ترجمه: سید فخرالدین شادمان، انتشارات سمیر، تهران.
- مهدوی، عبدالرضا هوشنگ(1381)، تاریخ روابط خارجی ایران از ابتدای دوران صفویه تا پایان جنگ دوم جهانی(1500-1945)،انتشارات امیر کبیر ،تهران.
- نوایی، عبدالحسین (1364)، ایران وجهان،ج1، مؤسسه نشر هما، تهران.
- نوایی، عبدالحسین (1372)، روابط سیاسی ایران و اروپا در عصر صفوی، انتشارات ویسمن، تهران.
- نوایی، عبدالحسین (1383)، روابط سیاسی و اقتصادی ایران در دورەی صفویه، سازمان سمت، تهران.
- نوایی، عبدالحسین(1363)، اسناد و مکاتبات سیاسی ایران 1105 – 1135 ق، مؤسسه مطالعات و تحقیقات فرهنگی ، تهران.
- ولدانی ,اصغر جعفر (1367)، بررسی تاریخی اختلافات مرزی ایران و عراق، دفتر مطالعات سیاسی وبین المللی وابسته به وزارت امور خارجه جمهوری اسلامی ایران، تهران.
تاورنیه، ژان پاتیست (بی تا)، سفرنامه، ترجمه: ابوتراب نوری، به تصحیح: حمید شیرانی، انتشارات کتابخانه سنائی، اصفهان.
فلور، ویلم(1385)،نظام قضایی عصر صفوی، ترجمه: حسن زندیه، پژوهشگاه حوزه و دانشگاه، قم.
هربرت، موریس(1362)، محمد رضا بیگ سفیر ایران در دربار لویی چهاردهم، بەکوشش: همایون شهیدی، گزارش فرهنگ و تاریخ ایران، تهران.

### ب- بە زمانی عەرەبی:

- علی السیار،عائشه (1975) ، دوله الیعاربه فی عمان وشرق افریقیا،بیروت.
- کاظم نورس ,علاء موسی (1979) ، العراق فی العهد العثماني دراسه فی العلاقات السیاسیه(1700 -1800)، بغداد.
- محمد امین، عبدالامیر(1966) القوی البحریه فی الخلیج العربی فی القرن الثامن عشر ، مطبعه اسعد، بغداد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- نافع الحمدانی، طارق(2001)،الخلیج والجزیره العربیه بین القرن السادس عشر والقرن العشرین، دار الوراق، بغداد.
- طه التکریتی ، سلیم (1982)، المقاومه العربیه فی الخلیج العربی ، دار الرشید للنشر ، بغداد.
- قاسم، جمال زکریا(1985)،الخلیج العربی دراسه لتاریخ الامارات العربیه فی عصر التوسع الاوربی الاول 1507 – 1840 ، القاهره.
- قلعجی، قدری(1995)،الخلیج العربی، شرکه مطبوعات للتوزیع والنشر، بیروت.
- محمد العابد، صالح (1976) ، دور القواسم فی الخلیج العربی (1747 – 1820م)،مطبعة العانی ،بغداد.
- مراد ،خلیل علی و اخرون(دون تاریخ الطبع)،دراسات فی التاریخ الاوربي الحدیث والمعاصر،جامعة الموصل، موصل.
- المعولی، ابو سلیمان بن محمد بن عامر ابن راشد(1979) ، قصص واخبار جرت فی عمان، تحقیق: عبدالمنعم عامر ،مطابع سجل العرب، القاهره.
- النجار، مصطفی عبدالقادر و اخرون(1984م)، تاریخ الخلیج العربي الحدیث والمعاصر ،مطبعة جامعة البصره.
- هاو، سونیا ی(1957)، في طلب التوابل، القاهرة.
- الهیتی، صبری فارس(1978)،الخلیج العربی دراسه فی الجغرافیه السیاسیه، دار الرشید، بغداد.
- ولبر، دونالد (1958م),ایران ماضیها وحاضرها ، ترجمة : عبدالنعیم محمد حسنین ،مراجعة،ابراهیم امین الشـواربی، القاهره .

## ج- به زمانی کوردی:

- حسین ، سامان (2013) ،مێژووی ئەوروپا لە شۆرشی فەرەنسی تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم ، چاپخانەی نارین ،هەولێر، 2013.
- سالح ،محەمەد محەمەد (2012) ، مێژووی ئەوروپا لەسەردەمی رێنیسانس تاوەکو شۆرشی فەرنسی 1500-1789 ، وەرگێران: مستەفا سەعید عەلی ،چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی.
- کەریم، مستەفا محەمەد(2014)، پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئێران لەسەردەمی نادرشا ئەفشاری 1736 – 1747 ، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر.

## د- به زمانی ئینگلیزی:

- Selection from the Records of the Bombay Government, No.XX IV,**Historical and other Information connected with the province of Oman,Muscat,Bahrain,and other places in the Persian Gulf**,( Bobay , Bobay Education society press- 1856).
Childs, John (1991), **the Nine Years' War and the British Army, 1688-1697: The Operations in the Low Countries**, Manchester University Press.
- Fox,Edward whiting(1991),**the emergence of the modern european world from the 17th to the 20th**, Cambridge & Oxford, Black well.

- Hurewitz,J.C.(1956), **Diplomacy in the near and Middle East (A Documentary Record 1535-1914)**, Vol,1,New York.
Edwardes, M.(1961**), Asia in the European Age 1498 – 1955**, New York.
Watson, O. (1976), **Longman modern English dictionary**, London.

## 2-وتار و لێکۆلینەوەکان:

### أ- بە زمانی فارسی:

- قوکاسیان، هراند(1353)، **شاه عباس و ارامنه جلفای اصفهان**، مجله هور، شماره (34)، سال سوم.

### ب- بە زمانی عەرەبی:

- حسين الزهيرى، رنا عبدالجبار(2024)، نشاط شركة الهند الشرقية الفرنسية(1664 – 1769) قراءة : في اهمية التنافس التجاري في السياسة الاستعمارية للدول الكبرى في الشرق، عدد خاص، مؤتمر كلية التربية التخصصي السابع والعشرين للعلوم الانسانية، جامعة المستنصرية.
- الرمحى،عبداللطيف و فؤاد شهاب(1414)،قيام الدوله البوسعيديه(الاسباب والنتائج)،مجله(المؤرخ العربى)، العدد(49) ،الامانه العامه المؤرخين العرب، بغداد.
- الشامى، احمد(1980)،العلاقات التجاريه بين دول الخليج العربي وبلدان الشرق الاقصى واثر ذلك على الجوانب الحضاريه فى العصور الوسطى،مجله المؤرخ العربى، العدد 12، بغداد.

## 3- نامە زانکۆییەکان :

### کوردی :

- کەریم ، مستەفا محەمەد(2021 )، پەیوەندییەکانی دەوڵەتی سەفەوی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا لەسەردەمی شا عەباسی یەکەم 1587 – 1629ز، تێزی دکتۆرا( بلاونەکراوە) پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئاداب کراوە لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر وەك بەشێك لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرای فەلسەفە لەمێژووی نوێ وهاوچەرخدا- مێژووی نوێی ئێران، هەولێر.

عەرەبی :

- جوده الزبيدى، عدنان هرير (1983)،عمان وسياسه نادر شاه التوسعيه،رساله ماجستير مقدمه الى قسم التاريخ ـ كليه الاداب ـ جامعه بغداد.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Iranian-French relations during the reign of Shah Hussein Safavid In light of the treaties concluded between them (1694 - 1722)

**Asst. Prof. Dr. Mustafa Muhammad Karem**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: mustafa.karem@su.edu.krd

**Hawkar Karem Hamashrif**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: hawkar.hamasharif@su.edu.krd

***Keywords**: Relations, Treaty, France, Safavid state, Shah Hussian, Liouis 14.*

## Abstract

The axes of this research revolve around (Iranian-French relations during the reign of Shah Hussein Safavid in light of the treaties concluded between them (1694 - 1722), and it is an attempt to identify the status of relations between the two countries during the reign of Shah Hussein, which gains special importance in light of the important stages that their relations went through in the political, commercial and religious fields in light of the treaties (1708, 1715).

This study emphasized Shah Hussein Safavid's attempts to make his relations with France more political and military, in order to attract France to form a political alliance against Oman, and despite this goal, the Safavid Shah sought, through granting privileges to France, to benefit from the political and economic prosperity of the Safavid state, which was on the verge of collapse during his reign.

Despite these facilities provided to France by the Safavid state, these relations never reached the level of (real alliance) during the twenty-eight years of Shah Hussein's rule, and nothing was achieved except the exchange of delegations and letters and the conclusion of two treaties (commercial and religious).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

The research consists of four chapters, focusing on The first section deals with the early relations between the Safavid state and France at the beginning of Shah Hussein's reign. The second section emphasizes the role of Michel Victor in the Safavid state and the conclusion of the 1708 Treaty. The third section sheds light on the Safavid state delegation in Paris and the conclusion of the 1715 Treaty. The fourth and final section focuses on the fate of the 1715 Treaty between the Safavid state and France

# العلاقات الإيرانية الفرنسية في عهد الشاه حسين الصفوي في ضوء المعاهدات المبرمة بينهما ( 1694 - 1722)

**ملخص:**

يدور محاور هذا البحث حول (العلاقات الإيرانية الفرنسية في عهد الشاه حسين الصفوي في ضوء المعاهدات المبرمة بينهما( 1694 - 1722)، وهي محاولة للتعرف على وضع العلاقات بين البلدين في عهد الشاه حسين والتي تكتسب أهمية خاصة بالنظر إلى المراحل المهمة التي مرت بها علاقاتهما في المجالات السياسية والتجارية والدينية في ضوء معاهدات (1708، 1715).

اكدت هذه الدراسة على محاولات شاه حسين الصفوى أن يجعل علاقاته مع فرنسا أكثر سياسية وعسكرية، من أجل جذب فرنسا لتشكيل تحالف سياسي ضد عمان، ورغم هذا الهدف سعى الشاه الصفوي من خلال منح الامتيازات إلى فرنسا، الاستفادة من الازدهار السياسي والاقتصادي للدولة الصفوية، التي كانت على وشك الانهيار في عهده . على الرغم من هذه التسهيلات المقدمة لفرنسا من قبل الدولة الصفوية، إلا أن هذه العلاقات لم تصل إلى المستوى(التحالف الحقيقي) أبدًا خلال الثمانية والعشرين عامًا من حكم الشاه حسين، ولم يتحقق شيء سوى تبادل الوفود والرسائل وإبرام معاهدتين (تجارية ودينية).

يتكون البحث من اربعه مباحث، يركز المبحث الأول على العلاقات المبكرة بين الدولة الصفوية وفرنسا في بداية عهد الشاه حسين. أما المبحث الثاني فيؤكد على دور ميشيل فيكتور في الدولة الصفوية وإبرام معاهدة 1708. ثم يسلط المبحث الثالث الضوء على وفد الدولة الصفوية فى باريس وإبرام معاهدة 1715. أما المبحث الرابع والأخير فيركز على مصير معاهدة 1715 بين الدولة الصفوية وفرنسا.